# ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی

و: لەئینگلیزییەوە: کارزان کاوسێن

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەرەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆلانی ـ ٤٤
ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی
* **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** کارزان کاوسێن
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** نوسەر
* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە
* **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٨
* **ژمارەی سپاردن:** (٢٠٣٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری
* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٦٣)
* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێڕست


| بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|
| ئەم زنجیرەیە بۆچی؟ ........................................................................ | ٥ |
| سۆسیال دیموکراسی چییە؟ ......................................................... | ٧ |
| تێگەیشتن لە سۆسیال دیموکراسی ............................................. | ٤٥ |




مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێتە سەر پشت. سەرەتا بەبڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەڵاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**(ی. ن. ك)**

**٢٠٠٧/١٠/١**

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

# سۆسیال دیموکراسی چییه؟



ئه‌مڕۆكه‌ سۆسیال دیموکراسی یان سیۆسیالیزم، بزاڤێكی سیاسی باڵاده‌سته‌ له‌ جیهاندا. له‌ فیدراسیۆنه‌ جیهانییه‌كاندا، سۆسیال ئینته‌رناسیۆنال ( SI) له‌هه‌مووان زیاتر ئه‌ندامی هه‌یه‌ و گه‌وره‌تره‌ له‌ لیبرال ئینته‌رناسیۆنال یان سێنته‌ریست دیموکرات ئینته‌رناسیۆنال ( كه‌ چه‌نده‌ها حزبی دیموكراتی مه‌سیحی له‌ ده‌وری خۆی كۆ كردووه‌ته‌وه‌). له‌وه‌ته‌ی هه‌ره‌سهێنانییه‌وه‌ له‌ ئه‌ورووپای ڕۆژهه‌ڵات ، چیتر كۆمه‌نیزم–یش بزاڤێكی سیاسی نێوده‌وڵه‌تی باڵاده‌ست نییه‌. ئه‌مڕۆكه‌ سۆسیال دیموكراته‌كان له‌ گه‌لێك وڵاتدا له‌ ده‌سه‌ڵاتدان چ وه‌كو تاكه‌ حزبی فه‌رمانڕه‌وا یان وه‌كو ئه‌ندام له‌ هاوپه‌یمانێتیدا.

## بنه‌چه

ڕه‌گ و ڕیشه‌ی سۆسیال دیموكراسی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ دوو شۆڕشی گه‌وره‌ له‌ مێژووی ئه‌ورووپای خۆرئاوای (مۆدێرن)دا. شۆڕشی فه‌ره‌نسای ١٧٨٩ ڕێگه‌ی خۆشكرد بۆ ئه‌و دیده‌ سیاسییانه‌ی كه‌ سه‌رنجیان ده‌خسته‌سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ نه‌ك هی پاشا و كڵێسه‌. خه‌ڵكی بوونه‌ بناغه‌ی سه‌روه‌ری ده‌وڵه‌ت و حكومه‌تی ناو ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌. ئه‌مه‌ توانای به‌ بزووتنه‌وه‌ سیاسییه‌كانی وه‌كو لیبرالیزم به‌خشی كه‌ گه‌شه‌ بكه‌ن، كه‌ كه‌مێك دواتر سۆسیال دیموكراسی به‌ دواداهات.

دووەمین شۆڕشی گەورە کە تۆوی سۆسیالیزمی چاند بریتی بوو لە شۆڕشی پیشەسازی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە بەریتانیا دەستی پێکرد و پەیتا پەیتا شوێنەکانی تری ئەوروپای خۆرئاوای گرتەوە. ئەم ڕووداوە گەشەسەندنێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ خەڵکی کرێکار. لە سەرەتادا، بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، چ سیاسی یا کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی فراوان پشتگوێ خرابوون. ئەوان پێگەی کۆمەڵایەتییان نەبوو، چونکە موڵکیان نەبوو، زەوییان نەبوو، و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەبەردەستدا نەبوو. زانین و شارەزاییان نەبوو کە دەکرا وەکو ئامرازی دانوستان بەکاربهێنرێن. لە هەلومەرجێکی ژیانی تەواو هەژاردا دەژیان. مافی سیاسی و کاریگەرییان نەبوو. یەکێك لە بیروباوەڕە بنچینەییەکانی (سۆسیال دیموکراسی)ی زوو، بریتی بوو لە یەکسانی، یان یەکسانیخوازی(Egalitarianism)، کە زۆر بەداخ بوو لە بەرانبەر نادادپەروەری لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان (هەبووەکان) و (نەبووەکان)دا و بەکاربردنی کرێکاری لەلایەن ئەوانەوە کە سەرمایەیان کۆنترۆڵ کردبوو مەحکوم دەکرد. سۆسیالیزم هیواخوازی ئەوەبوو کە خەڵك بەرەوپێش ببات، هەلومەرجیان لە ڕێگەی خوێندن و ڕووناکبیرییەوە باش بکات.

سۆسیالیزمی زوو لەلایەن بیرمەندانی یەکسانیخواز لە بەریتانیا و فەرەنسا زیاتر پەرەپێدرا. بەڵام بنەما تیۆرییە کلاسیکییەکانی لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کارەکانی (کارل مارکس)ی ئەڵمانییەوە سەرچاوەی گرت. لەبەرئەوە سۆسیالیزم دروستکراوێکی فەرەنسی–بەریتانی–ئەڵمانییە و بۆ چەندان ساڵ سنووردار بوو بە ئەوروپا و بەتایبەت ئەوروپای خۆرهەڵات. لەوێوە بوو کە پیشەسازییبوون بڵاوبووەوە و هەنوکە لە ئارادایە و لەوێ گروپێکی کۆمەڵایەتی هەبوو و ئێستاش بوونی هەیە کە ئەندامەکانی بۆ پشتگیرییکردنی خۆیان بە تەواوی پشتیان بە کاری خۆیان بەستبوو.

بە گوێرەی ئایدۆلۆژیای مارکسیی کلاسیکی، دواجار کۆمەڵگەی کەپیتاڵیستی هەرەسی دەهێناو چینی کرێکار ( پرۆلیتاریا) دەسەڵاتیان دەگرتەدەست و پاشان کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ڕاستەقینەیان دادەمەزراند. لێرەوە یەکسانییەکی ڕاستەقینە پەیدا دەبوو و چیتر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەناو دەستە تایبەتییەکاندا نەدەمایەوە، بەڵکو سامانێکی گشتی(واتە هی دەوڵەت) دەبوو. چیتر بەکاربردنی یەکێك لە لایەن یەکێکی ترەوە لە ئارادا نەدەبوو.

## ریڤیژنیزم و ریفۆرمیزم

لە بنەڕەتدا، ئەم سۆسیالیزمە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو بوو، بەبێ هیچ دابەشبوونێك لەنێوان سۆسیال دیموکراتەکان و کۆمەنیستەکاندا. هەرچۆنێك بێت، پێ بەپێ ، جیاوازی بۆچوون

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەری هەڵدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە داخۆ دەبێت سۆسیالیستەکان زیاتر ئیش بۆ بەرژەوەندییەکانی پشتیوانەکانی خۆیان بکەن بە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی سیستەمە سیاسییە باڵادەستەکان دەیانڕەخساند ( بۆ نموونە بە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکان یا کار کردن لەگەڵ لایەنەکانی حکومەتی لۆکاڵییدا)، یاخود دەبێت هەموو هەوڵەکانیان بۆ شۆڕشی چاوەڕوانکراو بخەنەگەڕ. لە ڕاستییدا، ئەوانەی پێداگرییان کرد بۆ بەشدارییکردن لەو سیستەمەی کە لەئارادایە، ئەمەیان وەکو ئەلتەرناتیڤی شۆڕش نەبینی، کە پێیان وابوو هێشتا شتێکی حاشاهەڵنەگر دەبێت ئەگەر کاپیتاڵیزم هەرەسیهێنا. هەرچۆنێك بێت، لەم نێوەدا بەشدارییکردن توانای پێدەدان کە خزمەتی زیاتری سۆسیالیزم بکەن و هەروەها هەندێ چاککاری ، هەرچەندە لاوەکی، لە بەرژەوەندی چینی کرێکار ئەنجام بدەن. خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ هەمووان، کە هاوکاری لەگەڵ لیبڕاڵەکان—ی هێنایەپێش، نموونەی سیاسەتی (هەنگاوە بچوکەکان)ە. ئەم گەشەسەندنە لەناو سۆسیالیزمدا زاراوەی (ریڤیژنیزم–Revisionism) یا (ریفۆرمیزم-Reformism)ی بۆ دانراوە. ریڤیژنستەکان پێداگرییان لەوەدا دەکرد کە چەند پرەنسیپ و باوەڕێکی مارکسیزم لە بنەڕەتەوە کەموکورتیی تێدایە: بۆ نموونە، کەپیتالیزم بە تەنیا لەژێر کێشی خۆیدا هەرەس ناهێنێت. دەتوانین ئێدوارد بێرنشتاین—



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ی ئەڵمانی بە تیۆرسیۆنی سەرەکی ریڤیژینیزم دابنێین. ئەو باوەڕی وابوو کە نابێت سۆسیال دیموکراسی بە دوای شۆڕش بکەوێت، بەڵکو دەبێت پێداگری بکات بۆ ریفۆرم بۆ چاککردنی هەلومەرجی چینی کرێکار. لە بەر ئەوە زاراوەی (ریفۆرم) بە زۆری بەسەر لایەنە کردارییەکانی رێڤیژینیزمدا پیادە دەبێت بە لاکردنەوەیەکی کاریگەری ئەو ریفۆرمانەی لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراتی باڵادەستەوە بەدیدەهێنرێن، واتە لە پەرلەماندا.

جەنگی یەکەمی جیهانی لە چەند ڕوویەکەوە خاڵێکی وەرچەرخانی لەناو سۆسیالیزمدا هێنایە کایەوە. پێشتر دیدی گشتی تەنانەت لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا ئەوە بوو کە پێویست ناکات چینی کرێکار خۆی بئاڵێنێتە ناکۆکی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان. لە هەر کوێیەك بێت، کرێکاران ڕێك ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە بوونەوە و دەبووایە هاریکاری یەکتری بکەن لەودیو سنووری نەتەوەییەکانەوە. لە ڕاستییدا، باوەڕ وابوو کە ئەم هاریکارییە نێودەوڵەتییە دەیتوانی ڕێگە بگرێت —و ڕێگەی دەگرت— لە ململانێیەکی چەکداری گەورە. ئەمە کێشەکە نەبوو، و ئەو کاتەی دوژمنکاری دەستیپێکرد، هەرچەندە هەندێ جار دڵنیا نەبوون، بەڵام سۆسیالیستەکان پشتگیری هەوڵی جەنگیان کرد.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم و تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا پێش جەنگ، قبوڵی گشتی بۆ ریفۆرمیزم لەناو بزووتنەوەی کرێکاراندا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمەنیستەکانی توندوتۆڵ کردبوو بۆ پێکهێنانی حزبی جیاکراوەی خۆیان. ئەوان سیاسەتەکانی ریفۆرم، هەنگاوە بچوکەکان و قبوڵکردنی دیموکراسی پەرلەمانییان ڕەتکردەوە. ئەوان بەردەوام بوون لەسەر ئەو باوەڕەی کە سیستەمی بنیاتنراو لە ڕێگەی شۆڕشەوە سەرنگون دەبێت و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای بەدوادادێت ( زاراوەیەك کە لەلایەن مارکسەوە بەکاردەهێنرا).

## جیاوازییە نەتەوەییەکان

وێڕای ئەم گەشەسەندنە گشتییە، حزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکان لە وڵاتانی جیاجیای ئەوروپادا بەردەوام بوون لە گەشەسەندن بە درێژایی هێڵە جیاوازەکان. بۆ نموونە لە بەریتانیا حزبی کرێکاران، زۆر یا کەم، لقێکی ئەو بزووتنەوەیەی یەکێتی بازرگانی بوو کە هەبوو. سەندیکاکان حزبی کرێکارانیان دامەزراند بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەندامەکانیان لە ئاستی سیاسییدا نوێنەرایەتی دەکرێت و تا ئەم دواییانەش بەردەوام بوون لەوەی کە کاریگەری و هێزێکی بەرچاو بخەنەکار لەناو حزبی کرێکاراندا.

لە وڵاتانی تر ، حزبە سۆسیالیستەکان بەر لە بزووتنەوەی یەکێتی بازرگانی گەشەیان سەند. یاخود زۆر یا کەم بە سەربەخۆیی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕین. تەنیا دواتر جۆرێك لە پەیوەندی نزیك پەیدا بوو.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە بەشی باشووری ئەوروپادا، بۆ سۆسیالیزم سەخت بوو کە شوێنپێی خۆی قایم بکات، ئەمەش لە گەلێك حاڵەتدا بەهۆی کەوتنەناو کێبڕکێی توندی چەپی توندڕەوی ئەنارشیزم و کۆمەنیزم. بە پێچەوانەوە، لە ژمارەیەك وڵاتی باکووری ئەوروپادا هەر دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم سۆسیال دیموکراتەکان دەستیان کرد بە گرتنەئەستۆی لێپرسراوێتییە حکومییەکان ( بۆ نموونە لە بەریتانیا و ئەڵمانیادا). سۆسیال دیموکراتەکانی سوید لە چەند حکومەتێك بەشداربوون بەر لەوەی دەسەڵاتی درێژخایەن بگرنە دەست لە ساڵانی ١٩٣٢ بۆ ١٩٧٦دا.

بێگومان لە ئەوروپای خۆرهەڵاتدا، بارودۆخەکە تەواو جیاواز بوو. حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە ماوەی نێوان جەنگەکاندا چالاك بوون و لە چەند وڵاتێکدا لە حکومەتدا بەشدار بوون ( بۆ نموونە لە چیکسلۆڤاکیا). بەڵام دوای دووەم جەنگی جیهانی چیتر هیچ شوێنێك بۆ سۆسیال دیموکراسی نەمایەوە، چونکە کۆمەنیستەکان مۆسکۆیان کۆنترۆڵ کرد. حزبە سۆسیالیستییەکان یا قەدەغە کران یا بە زۆر لەگەڵ حزبە کۆمەنیستییە ڕەسمییەکاندا لێکدران. تەنیا دوای ئەوەی کە سیستەمی کۆمەنیستی هەرەسی هێنا سۆسیال دیموکراسی شوێنی خۆی لە سیاسەتی نەتەوەییدا بەدەستهێنایەوە، چ لە ڕێگەی حزبە سۆسیال دیموکراتە جارێکی تر دامەزراوەکان یاخود لە ڕێگەی ریفۆرمکردنی حزبە کۆمەنیستییەکانی پێشوو بۆ ئەوەی ببن بە

ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی ڕاستەقینە. لەو کاتەوە تـاوەکو ئێـستا لە چەند وڵاتێکی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا حزبە سۆسـیال دیموکراتـەکان بەردەوامن لە پێکهێنانی حکومەتە نەتەوەییەکاندا.

لەم چەند دەیـەی دواییـدا، جیـاوازی لـەنێوان بـاکووری ئـەوروپا و بەشی باشـوورییدا لـە ڕووی بەشـداری سۆسـیال دیموکراتەکانـەوە لـە حکومەتی نەتەوەییدا بە تەواوی بزر بووە، ئەمـەش تـا ڕادەیـەك بـە هۆی هەڵوەشانەوەی چەند دیکتاتۆرییەتێکی ڕاسـتڕەوە لـە باشـووری ئەوروپادا. جیاوازی نێـوان بەشـی خۆرهـەڵات و بەشـی خۆرئـاواش بـە درێژایی پانزە ساڵی ڕابـردوو تـەواو لەناوچـووە. ئەمڕۆکـە، سۆسـیال دیموکراتـەکان بەشـێوەیەکی ئاسـایی بەشـێکی حکومـەتی نزیکـەی هەموو وڵاتانی ئەوروپا پێکدەهێنن، و لە هەنـدێ بـاردا تاکـە حـزبن لـە حکومەتدا.

قسەکردن لەسەر گەشەسەندنی تـەواوی سۆسـیال دیموکراسـی لـە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا لـە توانـای ئـەم وتـارەدا نییـە. ئەوەنـدە بەسە کە بڵێین لە ڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر هەبوون کە لە دەربـڕین و بەلاغــەت، بــەکارهێنانی ســیمبۆلەکان، زاراوەناســی لێدوانــەکانی سیاسەت و هیتردا ڕوون بـوون. یـەکێك لـە هۆکـارە پەیوەندیـدارەکان بریتی بوو لە پێشبڕکێ، و بە تایبەت کۆمەنیزم ئەو زاراوە و چەمکانەی بەکارهێنا کە پێش لێکدابڕانی سۆسـیال دیموکراسـی و کۆمـەنیزم لـە ڕابـردووی هاوبەشـیانی جیـا دەکـردەوە. بـۆ نموونـە، نـاوی ڕەسمـی



یەکێتی سۆڤیەت بریتی بوو لـە ( کۆمـاری سـۆڤیەتی سۆسیالیـستی). (حزبـی سۆسیالیـست)ی فەرەنـسی بـە دڵخۆشـییەوە خـۆی بـە سۆسیالیـست نـاو دەبـات، بـە تایبـەت چـونکە کۆمەنیـستەکانی فەرەنـسا نـاوی (حزبـی کۆمەنیـستی فەرەنـسی)یـان پەسـەند کـرد، لێرەوە جیاوازییکردن لەنێوانیاندا ئاشکرایە. لە وڵاتانی تـردا، زاراوەی (سۆسـیال دیموکراسـی) پەسـەندە: لـە ئـەڵمانیا، حزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیا (SPD)یـە. حزبـی کـاری بـەریتانی خـۆی لـە بەکارهێنانی هەردوو زاراوەکە لادەدات، بەڵام خۆی بە (سۆسیالیـست) لەقەڵەم دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێ حزبەکە ئەندامن لە ( PES)، ناوێك کە بەناوی جیـاوازی وەکـو حزبـی سۆسیالیـستەکانی ئـەوروپا و حزبـی سۆسـیال دیموکراتـەکانی ئـەوروپا وەردەگێڕدرێـت. ئێـستاکە هەردوو ناوەکە ڕەسمین. بە گشتی، دەشێت بانگەشـەی ئـەوە بکرێـت کە زاراوەی (سۆسیالیست) بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕادیکاڵتر دیـارە لە (سۆسیال دیموکرات). هەرچۆنێك بێت، هەڵبژاردنی زاراوەیـی زیـاتر دەرەنجامی فاکتەرە مێژووییەکان یان دۆخی حزبێکە لە چرکەسـاتێك لــە چرکەســاتەکاندا نــەك ڕەنگدانــەوەی جیاوازییــە ئلیدۆلۆژییــە قووڵەکان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## گەشەسەندنە ئایدۆلۆژییەکان

سۆسیال دیموکراسی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی دەستییپێکرد کە پێشبینی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کرد لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و چالاکانە کاری کرد بۆ هێنانەکایەی گۆڕانێکی وەها. بەدوای هەرەسهێنانی سیستەمی کەپیتالیستی ( کە بێ چەندوچون دیاربوو)، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبوونە موڵکی هاوبەشی هەموان ( واتە دەوڵەت) و لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا، هەموو کەسێك بە پێی توانای خۆی کاری دەکرد و بەپێی پێویستییەکانی پاداشتی وەردەگرت. خەڵکی لە ڕێگەی خوێندنەوە گەشەیان پێدەدرا، و ئەو نامۆبوونەی کە کەپیتالیزم دروستیکردبوو لەنێوان مرۆڤ و بەرهەمی کارەکەیدا نەدەهێڵرا. لێرەوە سۆسیالیزم خەڵکێکی باشتری دروست دەکرد.

هەرچۆنێك بێت، سیستەمی کەپیتالیستی هەرەسی نەهێنا و تەنیا هەنگاو بە هەنگاو، لە ڕێگەی ریفۆرمی بچوکی یەك لەدوای یەکەوە بوو کە بەشی کرێکاران چاککرا ( بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەهۆی هەوڵەکانی یەکێتییە بازرگانییەکانەوە). مافی دەنگدان بۆ هەموان لە هەندێ وڵات زووتر لە چاو وڵاتانی تردا پەسەندکرا. خاڵی دەستپێك لە گەشەپێدانی سیستەمێکەوە بوو کە دواتر دەبووە ( دەوڵەتی خۆشگوزەرانی)، هەرچەندە لە هەموو حاڵەتێکدا لە دەستپێشخەری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆسیال دیموکراتەکانەوە نەبوو. یەکەمین سۆسیال دیموکراتەکان بە ئاگاییەوە جڵەوی حکومەتیان گرتە دەست، سەرەتا لە ئاستی لۆکاڵدا ، بەڵام دواتر لە چەند وڵاتێکدا لە ئاستی نەتەوەییدا. بنەمای ئایدۆلۆژی ئەم گەشەسەندنانە بەهۆی ریفۆرمیزم/ ریڤیژینیزم دابین کرا. بیرۆکەی شۆڕش وازیلێهێنرا و دیموکراسی پەرلەمانی وەکو ئەو چوارچێوەیەی کار قبوڵکرا کە دەبووایە ئامانجە سیاسییەکانی تیادا سۆراخ بکرێت. سۆسیال دیموکراتەکان( یان سۆسیالیستەکان) بایەخێکی زۆریان بە ڕێکخستنە دەستەجەمعییەکاندا کە پێگەی چینی کرێکاریان باش دەکرد. چاودێری تەندروستی، خوێندن و موچەی خانەنشینی بە زۆری بە شێوەی دەستەجەمعی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ڕێکدەخران. پێشتر دەوڵەت وەکو (دوژمن) دەبینرا، هەنوکە بوو بە کەناڵێکی هەرە گرنگ کە لە ڕێگەیەوە دەکرا هاریکاری بەدەستبێت. لەم کاتەدا، یەکسانی و یەکسانیخوازی وەکو ئامانجێکی سەرەکی مانەوە.

لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا، یەکێك لە کێشە گەورەکان بریتی بوو لە قەیرانی ئابووری نێودەوڵەتی بەرچاو کە لە قەیرانی ئابووری وۆڵ ستریت ( Wall Street Crash)ەوە لە ساڵی ١٩٢٩ دەستپێکرد. چەقبەست لە بازرگانی جیهانی و ئەو قەیرانە ئابوورییەی لێیکەوتەوە بووە هۆی زیادبوونی بێکاری لە سەرتاسەری ئەوروپادا بۆ ئاستێکی بێ پێشینە. بێگومان ئەمە بە توندی کاری کردە سەر ئەو

خەڵکەی کە بە تەواوی پشت ئەستوور بوون بە کار بۆ دابینکردنی بـژێوییان. کێشە ئابوورییەکانیش کاریگەرییەکی خراپیان هەبوو لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بێگومان ئەمە تاکە هۆکار نەبوو لە پشت دەرکەوتنی فاشیزم لە ئیتاڵیاو ئەڵمانیادا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆڵێکی گرنگی بینی. هەر لەو کاتەدا پێگەی (سۆسیال دیموکرات)ی ئەڵمانی بە رووخانی کۆماری ڤایمار کەوتبووە مەترسییەوە و نەیدەتوانی بەرەنگارییەکی سیاسی پێویست بخاتەڕوو بەرانبەر ڕابوونی فاشیستەکانی هیتلەر. ئێمە پێویستمان بە بیرهێنانەوەی دەرەنجامە ترسناکەکان نییە.

دووەم جەنگی جیهانی خاڵێکی وەرچەرخانی تری گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئەستەم بوو بۆ حزبە سۆسیال دیموکراتەکان کە پەرە بە چالاکییە ئاساییەکانیان بدەن ( و لە ڕاستییدا تەنانەت لە پێش جەنگیشدا لە وڵاتانی وەکو ئەڵمانیا و ئیسپانیا بۆ ئەوان هەر وابوو). لە کاتێکدا کە وڵاتان لەلایەن هێزەکانی دوژمنەوە داگیر کران، ژیانی سیاسی ئاسایی بە تەواوی هەڵپەسێردرا. سۆسیال دیموکراتەکان نەیانتوانی لەهیچ هەرێمێکی داگیرکراودا ئازادانە کارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن.

پاش جەنگ، هەوڵدرا بۆ فراوانکردنی بانگەشەی سۆسیال دیموکراسی بۆ گرتنەخۆی گروپەکان وێڕای چینی کرێکار. لە سەرەتادا بەشێکی زۆری ئەو هەوڵانە شکستیان هێنا، هەرچەندە



حزبە سۆسیال دیموکراتەکان بەشێکی حکومەتیان لە گەلێك وڵاتدا پێکهێنابوو و لە هەندێ حکومەتدا تاکە حزب بوون. لەسەرتاپای ئەوروپای خۆرئاوادا سۆسیال دیموکراسی بووە هێزێکی سیاسی دامەزراو و قبوڵکراو، بە تایبەت ئەو کاتەی کە دیکتاتۆرییەتەکانی باشووری ئەوروپا( ئیسپانیا، پورتوگال و یۆنان) لەسەر حوکم لادرابوون.

ئەو ماوەیەی کە یەکسەر بە دوای دووەم جەنگی جیهانیدا هات نەك تەنیا ماوەی بنیاتنانەوە، کە تیایدا سۆسیال دیموکراتەکان تامەزرۆیانە بەشداریان کرد، بەڵکو ماوەیەك بوو کە تیایدا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە بەشێکی زۆری ئەوروپای خۆرئاوادا بنیاتنرا. سۆسیال دیموکراسی ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەم گەشەسەندنەدا. پاش سیستەمی سیاسی باڵادەستی سالانی جەنگی جیهانی هەڵمەتێکی پشتگیری ئەنجامدا. کەپیتالیزمی کەمترین دەستێوەردان ( laissez-faire capitalism) بە هۆی قەیرانی ئابووری ڕەگداکوتاوی ئەو ڕۆژگارەوە بەدناو بوو. پرەنسیپەکانی دەستێوەردانخوازان ( interventionists) لەلایەن ئابووریناسی ئەمەریکی (جۆن مەینارد کەینس)ەوە بەرگری لێدەکرا، بەم پێیە دەبێت حکومەت چالاکانە هانی داواکاری بدات بە قبوڵکردنی کورتهێنانی بودجە، ئەمەش کۆك بوو لەگەڵ بۆچوونەکانی سۆسیال دیموکراتەکاندا. سەرەڕای ئەمە، لە بەرئەوەی کە جەنگ بەشێکی

زۆری توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی هەموو وڵاتانی ئەوروپای پەکخستبوو، پرۆسەیەکی بنیاتنانەوەی پلان بۆ دانراو و بە بناغە پێویست بوو کە تیایدا ئامراز وسەرچاوەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دابەش بکرایە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەی باڵادەستبوونی لە هێزەکانی بازاڕی ئازاد بەربەست کرد. بە جەختکردنەوە لە ڕێکخستنە دەستەجەمعییەکان و ڕۆڵی حکومەت لەناو ئابوورییەکی پلان بۆ دانراودا، ئەم فاکتەرانە هەموویان بەیەکەوە تەکانێکی بەهێزیان دایە بەر سۆسیال دیموکراسی. لە ماوەی پاش جەنگدا، سێ بیرۆکە دەورێکی ناوەندییان هەبوو بۆ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**سیاسەتەکانی سۆسیال دیموکراسی:**

*بەکۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

*ئابووری پلان بۆدانراو و کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر ئابووریدا.

*ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

لە کرداردا، شتێکی کەم لە بەکۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جێبەجێکرا. تەنانەت لەو وێنەی کە تیایدا لە دەسەڵاتدا بوون، سۆسیال دیموکراتەکان ئەو دابەشبوونەی سامانیان بە خێرایی قبوڵکرد کە ئەو کاتە هەبوو. لە ڕاستیدا ئەمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە پێشکەوتن لەسەر دوو خاڵەکەی تر لەئارادابوو. کۆمەڵی دەنگدەر خۆیشی گۆڕانی بەسەردا دەهات، (چینی کرێکار)ی نەریتی( Traditional) نەما ; گروپی نوێ دەرکەوتن و بە عەلمانی کردن چینە ناوەندییە نەریتییەکانی گرتەوە کە بەم هۆیەوە ئەوانیش کارتێکراوبوون بە سۆسیال دیموکراسی. بەکۆمەڵایەتیبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە پرەنسیپێکی سەرسەختی مارکسییە، گونجاو نەبوو لەگەڵ ئەم گەشەسەندنانەدا. گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی خاڵی هاوبەش ـی پشتگیریکراوی لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە کە لە شێوەی ( دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لیبراڵ)دا بوو، کە تیایدا گەشەی ئابووری بەرچاو زەمینەی دامەزراندنی تەواو دابین دەکات، داهاتی هەموو کرێکاران زیاد دەکات و دەکرێت برێکی زۆر زیاتری سەرچاوەکانی

پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بنیاتبنرێت بۆ پارێزگاریکردنی لە ئەندامە هەستیارترەکانی کۆمەڵگە. بە کورتی، سیستەمێکی تێکەڵاو دەرکەوت. بەهۆی هێزەکانی بازاڕەوە گەشەی ئابووری بەرقەرار کرا، لەکاتێکدا کە حکومەت بەرپرسیارێتی بۆ پێداویستییەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گرتەئەستۆ بۆ ئەوەی کەس ترسی لە دەرەنجامە داراییەکانی نەخۆشی، بێکاری یا تەمەنی پیری نەبێت.

ئەم سیستەمە تاوەکو حەفتاکان بە باشی خۆی گرت. جارێکی تر قەیرانی نەوت، چەقبەستی ئابووری، گەشەی نێگەتیڤ و بێکارییەکی ئاست بەرزی لەگەڵ خۆیدا هێنا. دەبووایە کێشەی نوێی وەکو کێشەی ژینگەیی و ڕەخنەی بەربڵاو لە کۆمەڵگەی بەکاربەر دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم بکرێت. سۆسیال دیموکراسی وەڵامی ئامادەی نەبوو. هەنوکە پێدەچوو سیاسەتی ئابووری دەستێوەردانخوازانەی کەینسی بەسەر چووبێت. ئیتر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە ئەلتەرناتیڤی نابەجێ دەبینرا، چونکە ژمارەی ئەو خەڵکەی کە داوای پشتیوانی داراییان دەکرد زۆر زیاتر بوو لەوەی کە پێشبینی دەکرا. بەشێکی کێشەکە پەیوەندی هەبوو بە سروشتی پێداویستییە بەردەست و ڕێژە کەمەکان، و بەشێکیشی پەیوەندی هەیە بەو ڕاستییە سادەیەوە کە لە سەروەختی ئاوابوونی ئابووری و دەرکەوتنی بێکاریدا خەڵکێکی زیاتر سۆراخی یارمەتی دارایی دەکەن. وا دیار بوو کە لیبرالیزم بە سیاسەتە دراوییەکەی، باجە



نزمترەکانی و بەڵێنەکانی دەزگایەکی حکومی بچوکتر چارەسەری باشتری پێببێت بۆ کێشەکان. فاکتەری ئاڵۆزکاوی تر هەبوون: بۆ نموونە جەنگ لە ڤێتنام، ئاسایشی نێودەوڵەتی و پرسی ناوکی پەیوەندیدار. ئەم کێشانە هاوسۆزی ئەودیو ئۆقیانووسی( transatlantic)ی گەلێك لە حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپایان جوڵاند.

هەشتاکان ڕۆژگاری دەرکەوتنی ئاراستەی (تاکگەرایی) بوو، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا. خەڵکی هاتنەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان وەکو تاك لەقەڵەم بدەن نەك بەشێك لە دەوڵەتێکی دەستەجەمعی، دیدێك کە بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی دراماتیکی کەوتە بەرانبەر پرەنسیپەکانی هاریکاری و کۆلێکتیڤیزم( Collectivism)ی سۆسیال دیموکراسی. کاتێك کە ڕژێمە کۆمەنیستییەکانی ئەورووپا بێ متمانە کران و دواتر لە سەرەتای نەوەدەکاندا هەرەسیانهێنا، ئەو بیرۆکەیەش لەناو چوو کە بکرێ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دەستکرد (ئەندازە) بکرێت، ئەوەش حکومەتەکان بن کە ئەم کارە ئەنجام بدەن. شکستی کۆمۆنیزمیش کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر بانگەشە و متمانەی پەیامی سۆسیال دیموکراتەکان.

لە وەڵامی ئەم گەشەسەندنانەدا، سۆسیال دیموکراسی لە چەند ڕوویەکەوە پەیامەکەی دەستکاری کرد. لە چەند وڵاتێکدا بە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەودایەکی گەورەتر ئەم کارەی ئەنجامدا ( بەریتانیا) بە بەراورد لەگەڵ هەندێ وڵاتی تر(نەمسا)، بەڵام ئاراستە گشتییەکە هەر یەك بوو. سیاسەتی خاوەنداریێتی هاوبەشی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەنوکە بە ڕەسمی وازیلێهێنرا( بەڵام کاتێکی زۆری خایاند تا بە کردەوە وازیلێهێنرا). سۆسیال دیموکراتەکان ڕەزامەندییەکی زیاتریان پیشاندا بۆ ئەوەی کە دەبێت هێزەکانی بازاڕ ڕێگەیان پێبدرێت گەشەی ئابووری بەرقەرار بکەن. لە سۆنگەی سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە، هەنوکە سەرنجەکە لە یەکسانی و یەکسانیخوازییەوە بۆ جیاوازی نەکردن و دەرفەتی یەکسان و لە پاڵپشتی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە بۆ چالاککردنەوە و قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی کەسی وەرچەرخا.

ئەو پێشەسازییانەی بە شێوەی نەریتی( traditional) تایبەتکرابوون بە بەنەتەوەییکردن ( گواستنەوەی گشتی، دامەزراوە گشتییەکان و هیتر) بەردەوام بوون لەوەی کە بە شێوەی تایبەت و بە گوێرەی پرەنسیپەکانی بازاڕ بەڕێوەبچن، هەرچەندە لەژێر مەرجە سەپێنراوەکانی حکومەتدابوون. بە دەستپێکردنی ئەم دەیەیە، ئەستەم بوو سۆسیال دیموکراتێك بدۆزییەوە کە بازاڕ وەکو میکانیزمێکی بەڕێوەبردنی ئابووری قبوڵ نەکات، هەروەکو چۆن ئەستەم بوو لیبراڵێك بدۆزییەوە کە هێشتا هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پەسند بکات. لە گەلێك ڕووەوە، سۆسیال



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دیموکراسی و لیبرالیزم بە هێواشی، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەگەیشتنە خاڵی هاوبەشیان.

سۆسیال دیموکراسی و لیبراڵیزم هەردووکیان بزاڤی سیاسیین کە دەکرێ دروستبوونیان بگەڕێنینەوە، لانی کەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بۆ شۆڕشی فەرەنسا. بە درێژایی سالانێك، زۆرجار دوو بزاڤەکە لە دژی یەکتری وەستاونەتەوە، بەڵام خاڵیش هەبووە کە ئەوان یەکیانگرتووە لەسەری، پەسندکردنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان یەکێکە لە نموونەکان.

لە کاتێکدا کە سۆسیال دیموکراسی بە تایبەت لە دەیەکانی ڕاستەوخۆی پاش جەنگدا باشی گوزەراندووە، ئەوا لیبراڵیزم لە هەشتاکانەوە پێشەنگی سیاسی بووە. هەرچەندە سۆسیال دیموکراتەکان لە گەلێك وڵاتدا حکومەت پێکدەهێنن و ڕەنگە لە ژمارەیەك وڵاتی تریشدا چاوەڕێ بن کە لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە دا بچنە ئەو پرۆسەیەوە، ناتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێت کە سۆسیال دیموکراسی بەهێزترین بزووتنەوەی سیاسییە لە جیهاندا. لە بەهێزترین وڵاتی جیهاندا، ئەمەریکا، سۆسیال دیموکراسی وەکو نیوە مردوو وایە. حکومەتی هەنوکەیی ئەمەریکا لەلایەن باڵی پارێزکاری حزبی کۆمارییەوە پێکهێنراوە. لە ئەوروپا، پێدەچێت ئێستا پرەنسیپە لیبراڵییەکان زاڵ بن بەسەر وتوێژی سیاسیدا.

بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات بەرفراوان و کاریگەرە: ئەمە گومانی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهێزترین بزووتنەوەی سیاسی نییە.

## ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

ژمارەیەك ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی هەن، کە گرنگترینیان بریتین لە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال ( SI)ی جیهانی و حزبی سۆسیال دیموکراتەکان/ سۆسیالیستەکانی ئەوروپا ( PES) کە سۆسیال دیموکراسی لە سیاقێکی ئەوروپیدا ڕێك دەخات.

## سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال ( SI)

سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، بەپێی دەربڕینەکە، بریتییە لە ( هاوپەیمانێتی جیهانی حزبەکانی سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیست و کار ). سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بەم شێوەیەی ئێستای لە ساڵی ١٩٥١ دامەزرێنرا، هەرچەندە پێش دووەم جەنگی جیهانی و پاشتریش پێشینەی جیا جیای هەبووە، ئەندامەکانی پێکدێن لە ١٦١ حزب یا ڕێکخراوی سیاسی. سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هاوپەیمانێکی حزبە خۆبەڕێوەبەرەکانە و لەبەرئەوە ئەو مافە بەخۆی نادات کە هیچ بڕیارێکی ناچاری لەبری ئەندامەکانی بدات. گردبوونەوە سەرەکییەکەی بریتییە لە کۆنگرە کە هەر سێ یا چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت. لە ماوەکانی ئەم نێوانەدا، ئەنجومەن هەموو ساڵێك کۆبوونەوە دەکات. سەرۆکی هەنووکەیی سۆسیال



ئینتەرناسیۆنال جۆرج پاپاندریۆ-یە، کە ڕێبەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی پان-هێلێنیك(یەکێتی هەموو یۆنانییەکان) (PASOK)ە.

سکرتاریەتی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال( SI) لە (لەندەن)ە.

## حزبی سۆسیالیستەکانی ئەوروپا ( PES)

حزبی سۆسیالیستەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٢ و لە کۆنگرەیەکی ئەوروپی تایبەتدا  کە لە لاهای بەسترا دامەزرێنرا. ( PES) هیوادارە ببێتە حزبێکی پێگەیشتوو لە ئاستی ئەوروپادا.

ئەو حزبە هەنوکە ٣٣ ئەندامی تەواوی هەیە، کە حزبی سۆسیال دیموکراتن لە ٢٥ ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بە نەرویج، ڕۆمانیا و بولگاریاوە. پێنج ئەندامی بەشدار و پێنج ئەندامی تر هەن بە پلەی (چاودێر).

بە گوێرەی بنەماکانی، ئامانجەکانی (PES) بریتییە لە :

*بەهێزکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیست و سۆسیال دیموکرات لەناو یەکێتی ئەوروپا و لە سەرتاسەری ئەوروپادا.

*گەشەپێدانی هاوکاری نزیك لەنێوان حزبە نەتەوەیی، فراکسیۆنە پەرلەمانییە نەتەوەییەکان و نوێنەرەکانی سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمانی ئەوروپا و ڕێکخراوە سۆسیال دیموکراتەکانی تر.

*بەرقەراركردنی سیاسەتی هاوبەش بۆ یەكێتی ئەوروپا و بۆ بەرهەمهێنانی مانیفێستۆیەك بۆ هەڵبژاردنەكانی ئەوروپا.

كۆبوونەوەی گەورەی ( PES) بریتییە لە كۆنگرە كە هەر پێنج ساڵ جارێك دەبەسترێت. لە ساڵانی تردا، كۆبوونەوەی ئەنجومەن هەیە. ڕێبەرەكانی حزبە نەتەوەییەكان هەر ساڵەی سێ یان چوار جار كۆدەبنەوە.

ئەمەی كە هێشتا ( PES) بە ڕاستی حزبێكی سیاسی نییە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە كە پرۆگرامی سیاسەتی ئەورووپی لەسەر فراكسیۆنی ( PES) لە پەرلەمان فەرز كراوە، بەلاّم نەك لەسەر حزبە سۆسیال دیموكراتە نەتەوەییەكان. سەرەڕای ئەمە، هەردوو لیستە كاندیدەكانی هەڵبژاردنەكانی ئەوروپا و مانیفێستۆكانی هەڵمەتەكان بۆ هەڵبژاردنەكانی ئەوروپا لەسەر ئاستی نەتەوەییدا ئامادە دەكرێن.

سەرۆكی ئێستای ( PES) پۆل نیروپ راسموسن، سەرۆك وەزیرانی پێشووی دانیماركە. سكرتاریەتی ئەو حزبە لە (برۆكسل)ە.

## مەكۆی ئەورووپی بۆ دیموكراسی و هاریكاری

لە كانونی دووەمی ١٩٩٣دا، حزبە سۆسیال دیموكراتەكان و دامەزراوە گەلێكی سیاسی وڵاتانی ئەوروپا (مەكۆی ئەورووپی بۆ دیموكراسی و هاریكاری)یان دامەزراند بۆپشتگیرییكردنی پرۆسەكانی



وەرچەرخاندن و دیموكراتیزە كردن لە ناوەند،خۆرهەلاّت، پاشووری خۆرهەلاّتی ئەوروپا و قەوقاز.

بە نواندنی پلاتفۆرمێك بۆ هاوكاری لەنێوان حزب، ڕێكخراو و كەسایەتییە سۆسیال دیموكراتەكان، مەكۆی ئەورووپی گەرەكیەتی پشكی هەبێت لە گەشەپێدانی سۆسیال دیموكراسی لەم هەرێمانەدا. مەكۆی ئەورووپی ١١ دامەزراوەی سۆسیال دیموكرات و ١٨ حزبی سۆسیال دیموكراتی كۆ كردووتەوە كە لە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەكدان بە ناوی كۆمیتەی ڕێبەرایەتی.

## سۆسیال دیموكراتە ناودارەكان

سۆسیال دیموكراسی گەلێك سیاسەتمەداری گەورەی پێگەیاندووە كە لە وڵاتانی خۆیاندا ناوبانگیان هەبووە. ژمارەیەك سۆسیال دیموكراتیش هەن، كە چ لە ڕابردوو یان ئێستادا، پێگەیەكی نێودەوڵەتییان بەدەستهێناوە. ژیاننامەی كورتی هەندێ لە سۆسیال دیموكراتە هەرە ناودارەكانی ماوەی پاش جەنگی جیهانی لە خوارەوە خراوەتەڕوو.

ویلی برانت

ویلی برانت ( هێربەرت فرام) لە لیوبێك–ی ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٣ هاتەدونیاوە. ئەو كوڕی كارگوزارێكی مارەنەبڕاوی فرۆشگایەك بوو و باپیری بەخێوی كرد كە سۆسیالیستێكی تۆخ بوو. لە ساڵی ١٩٣٠

پەیوەندی بە SPD یەوەکرد. ئەم حزبە چەپڕەوە لە ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن هیتلەرەوە قەدەغە کرا، کە پاشان هیربەرت فرام ناوی خوازراوی ویلی برانت–ی لەخۆینا. بۆ ئەوەی لەلایەن نازییەکانەوە دەستگیر نەکرێت، هەمان ساڵ بۆ نەرویج ڕایکرد، لەوێ بوو بە ڕۆژنامەنووس. کاتێك ئەڵمانیا نەرویجی داگیر کرد، برانت جارێکی تر ڕایکرد، ئەم جارەیان بۆ سوید. پاش جەنگ گەڕایەوە بۆ نەرویج و پاشان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی نەرویجییەوە گەیەنرایەوە ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٤٨ ڕەگەزنامەی ئەڵمانی وەرگرتەوە، کە لەلایەن نازییەکانەوە لەو ڕەگەزنامەیە بێبەریی کرابوو. برانت پەیوەندی کرد بە نووسینگەی پارێزگاری بەرلین و جارێکی تر لە SPD دا دەستی کردەوە بە چالاکی. لە ساڵی ١٩٤٩دا بۆ بوندستاگ هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٥٧ کرا بە پارێزگاری بەرلین. لەم ماوەیەدا ئەو گەمارۆی سۆڤیەتی لە ڕووبەرە داخراوەکاندا بینی و بە هەموو ڕووداوە گرنگەکانی جەنگی سارد دا تێپەڕی. برانت کاندیدی SPD بوو بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە ١٩٦١ و ١٩٦٥دا، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەرکەوتوو نەبوو. هەرچۆنێك بێت لە ساڵی ١٩٦٦دا، بە دوای پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێوان حزبەکانی SPD و CDU دا برانت کرا بە جێگری ڕاوێژکار و وەزیری کاروباری دەرەوە.

دواجار لە ١٩٦٩ دا برانت بوو بە ڕاوێژکار. لە پۆستەکەیدا، ئەو بەشێوەیەکی تایبەت بە ئۆستپۆلیتیك (Ostpolitik)ەکەی



دێتەوەیاد، واتە ئەو سیاسەتەی کە بەهۆیەوە ئەڵمانیای خۆرئاوا کەوتە باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێیانی ڕۆژهەڵاتدا، لە دووەم جەنگی جیهانییەوە هیچ هەوڵێك بۆ ئەم مەبەستە نەدراوە. ئەڵمانیای خۆرئاوا بە شێوەیەکی ڕەسمی سنووری نوێی خۆی (لەگەڵ پۆڵۆنیا) قبوڵکرد و داوایەکی لێبووردنی ڕاگەیاند لە بەرانبەر ڕەفتاری ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگدا. لەم کارەدا، برانت هەوڵی ئەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەڵمانیای دابەشکراو، تەنگژەکانی جەنگی سارد کەم بکاتەوە. ئەو لە باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (ئەڵمانیای خۆرهەڵات) خۆیشی سەرکەوتوو بوو. لە ساڵی ١٩٧١دا، برانت خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی پێبەخشرا. لە ساڵی ١٩٧٤، دەستی لە پۆستی ڕاوێژکاریی کێشایەوە، لە کاتێکدا کە دەرکەوت یەکێك لە یاریدەدەرانی سەر بە دەزگای زانیاری ئەڵمانیای خۆرهەڵاتە. لەگەڵ ئەوەشدا برانت بەردەوام بوو لە ڕێبەرایەتی SPD تاوەکو ١٩٨٧ ، کە بووە سەرۆکی فەخری ئەو حزبە. ئەو لە ساڵی ١٩٧٦ەوە تاوەکو مردنی لە ساڵی ١٩٩٢ و لە تەمەنی ٧٨ ساڵییدا سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بوو.

## ئۆلۆف پاڵمە

سڤێن ئۆلۆف واکیم پاڵمە لە ئۆستەرمالم، سوید، لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایك بووە. بە دوای بەسەربردنی ماوەیەك وەکو ڕێبەری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خوێندکاری، له ساڵی ١٩٥٣ بوو به سکرتێری سەرۆك وەزیران تاج ئێرلاندەر–ی سۆسیال دیموکرات. پاڵمە لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە حکومەت خۆیەوە کرد چەند پۆستێکی حکومی یەك لە دوای یەکی وەرگرت وەکو وەزیر ( بەبێ وەزارەت)، وەزیری گواستنەوە و وەزیری خوێندن. لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو بەسەر ئێرلاندەر دا سەرکەوت و بوو بە سەرۆك وەزیران. ئەو هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦ی لە دەستدا و لێرەوە کۆتایی بە ٤٤ ساڵی حوکمی نەبراوەی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید هێنا. هەرچۆنێك بێت ئەو حزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٢ و ساڵی ١٩٨٥ دا سەرخست و جارێکی تر بووە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی (کەمینە). لە شوباتی ١٩٨٦دا، ئۆلۆف پاڵمە لە کاتێکدا کە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە سینەما دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، تیرۆر کرا. بکوژەکەی هەرگیز نەدرایە دادگا.

پاڵمە ڕێزێکی نێودەوڵەتی هەبوو. سیاسەتێکی بێ لایەنی توندی بەرقەرار کرد، دەیویست باکووری ئەورووپا بکاتە ناوچەیەکی بەدەر لە چەکی ناوکی، لە ماوەی جەنگی عێراق–ئێراندا وەکو وتوێژکاری نەتەوە یەکگرتووکان کاری دەکرد و لایەنگیرێکی ماندوونەناسی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە ڕوو لە گەشەکان بوو.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## فێلیپێ گۆنزالێز

فێلیپێ گۆنزالێز( مارکین) لە ساڵی ١٩٤٢ لە دایك بووە، کوڕی جوتیارێکی ئیسپانی بوو. پەیوەندی کرد بە حزبی سۆسیالیستی PSOE، لە کاتێکدا کە ئەم حزبە هێشتا لەلایەن دیکتاتۆریەتی فرانکۆ–وە قەدەغەکرابوو. لە ساڵی ١٩٧٤دا بوو بە سکرتێری گشتی و لە ساڵی ١٩٧٦دا حزبەکە بە یاسایی کرا. گۆنزالێس PSOEی مۆدێرنیزە کرد، ئەمەش بە دەستهەڵگرتن لە دوا پاشماوەی سیاسەتی مارکسی. ئەم حزبە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٢ی بردەوە کە تیایدا گۆنزالێز بووە یەکەم سەرۆك وەزیرانی سۆسیالیست ( و لەو کاتەدا گەنجترین سەرۆك وەزیران لە ئەورووپادا). ئەو بۆ ماوەی نزیکەی ١٣ ساڵ لە پۆستەکەیدا مایەوە. لە ماوەی ئیدارەکەی ئەودا ئیسپانیا ( کە لە سەروەختی شەڕی ناوخۆ ١٩٣٩ وە لە ژێر باڵی دیکاتۆریەتێکی فاشیستدا بوو) بووە ئەندامی ناتۆ (لە ١٩٨٢) دا و بووە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا لە ساڵی ١٩٨٦دا. بەو پەڕی ویژدانەوە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەوە گۆنزالێز بوو ئیسپانیای بۆ وڵاتێکی ئەورووپای مۆدێرن وەرچەرخاند.

## تۆنی بلێر

ئەنتۆنی چارلز لینتن ( تۆنی) لە ساڵی ١٩٥٣ لە باوەشی خێزانێکی پارێزکاری نەریتی( traditional conservative

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

)داهاتــه دنیــاوه. لــه ســالّی ١٩٧٥دا پەیوەنــدی كــرد بــه حزبــی كرێكــارەوه و لـــه ســـالّی ١٩٨٣دا وەكـــو ئەنـــدام پەرلـــەمانێكی سەركەوتووی سەجیفێلّد كاری كرد. لـه سالّی ١٩٨٨دا پەیوەندی كرد به حكومەتی ئۆپۆزسیۆن–ی نێیل كینۆك. لـه سالّی ١٩٩٤دا، بلێر وەكو ڕێبەری حزبی كرێكار هەلّبـژێردرا. بلێـر مـۆدێرنیزەكردنی گـشتگیری حزبـی دەسـتپێكرد، هـەر لـه سنووردارکردنی کاریگـەری یەكێتییه بازرگانییەكان تا بەلاوەنانی سیاسـەتە نەریتییـەكانی حـزب وەكو به نەتەوەییكردنی پیشەسازییەكانی خزمەتگوزاری گشتی. ئەم پرۆسەیە ئۆپۆزسیۆنێكی توندی لەلایەن هەندێ لە هاوكارەكانییـەوە دروستكرد، بەلاّم بلێر ئومێدی خواست كـه نییـو لەیبـەر ( New Labor)ەكـەی ببێتــه جێــی ســەرنجی كۆمــەلێكی دەنگــدەری بەرفراوانتر، كە ڕەنگە بە هۆیەوە بتوانێت هەلّبـژاردنی گـشتی پـاش هەژدە سالّ لە حوكمی پارێزكاران بباتەوە. ئەو جـەختی لـه هانـدانی كەسی كردەوە بە بـەراورد لەگـەلّ ئەمـەی كـه ڕێگـه بـدرێت خـەلّكی پشت بە دەولّـەتی خۆشـگوزەران ببەسـتن. لـەناو سـیاقێكی فراوانـی سۆسـیال دیموكراسـیدا، ریفۆرمــەكانی بلێــر بــه (ڕێگــەی ســێیەم) ناسران، وەكو ئاماژە بە ئاراستەیەك لەنێوان سۆسیالیزمی نـەریتی و كۆنزەرڤاتیزمی مارگرێت تاچەر–دا. لە ڕاستیدا نییو لەیبـەر–ی بلێـر هەلّبژاردنـەكانی ١٩٩٧ی بـردەوە، بەشـێكی زۆری ئـەم بردنەوەیـە بەهۆی باش بەڕێوەبردنی هەلّمەتی هەلّبژاردنەوە بـوو. لـەو كاتـەوە،



حزبەكە لە ژێر ڕێبەرایەتی تۆنی بلێردا دوو هەلّبـژاردنی گـشتی تـری بردووەتەوە كە بەم هۆیەوە بوو بـە یەكـەم سـەرۆك وەزیرانـی حزبـی كرێكار كە سێ خولی یەك لەدوای یەك سەرۆك وەزیران بوو.

دەسكەوتی گرنگی یەكەم خولی حوكمڕانی بلێر بریتی بـوو لـه واژۆ كردنی ڕێككەوتننامەی بەلفاست كە زیاتر بە ڕێككەوتننامـەی هـەینی باش ( Good Friday Agreement) ناسرابوو.

( دانوستـانەكان بـه ئامـانجی گێڕانـەوەی ئاشـتی بۆ ئێرلەنـدەی باكوور بە سەرپەرشتی هاوتا پێشینە پارێزكارەكەی بلێـر (سـەرۆك وەزیرانی پێشوو) جۆن مێجەر دەستی پێكردبوو، بـەلاّم دوابـەدوای كۆتاییهاتنی یەكەم ئاگربەستی سـوپای كۆمـاری ئێرلەنـدی IRA لـه ناوەڕاسـتی نەوەدەكانـدا شكـستی هێنـابوو.) تـۆنی بلێـر هێـشتا جێگەی مـشتومڕە، ئەمـەش بەشـێكی بـه هـۆی پـشتگیرییكردنی لـه سیاسەتی دەرەوەی سـەرۆك جـۆرج.دەبلیـو. بـوش لـه عیراقـدا، كـه بەلای گەلێك لە حزبە سۆسیال دیموكراتەكانەوە جێگەی پرسیارە.

## ویم كۆك

ویم كۆك لە سالّی ١٩٣٨ لە دایك بووە. دوای تەواوكردنی خوێنـدن پەیوەندی كرد بە گـەورەترین سـەندیكای كرێكارییـەوە( NVV) كـه پەیوەندی بەهێزی هەبوو بە بزووتنەوەی سۆسیال دیموكراتـەوە. لـه ســالّی ١٩٧٣، كـۆك بـووە ســەرۆكی NVV ( كـە دواتــر لەگــەلّ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەندیکای کاسۆلیکی NKVدا تێکەڵ بوو و FNVیان پێکهێنا و کۆك سەرۆکایەتی ڕێکخراوێکی نوێی گرتە ئەستۆ). لە ساڵی ١٩٧٩وە بۆ ١٩٨٢ کۆك سەرۆکی فدراسیۆنی سەندیکای کرێکارانی ئەوروپاش بوو. پاش جێهێشتنی پۆستەکەی لە FNV ساڵی ١٩٨٦، ویم کۆك بووە ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندی کە نوێنەرایەتی Partij van de Arbeid ( PvdA)ی دەکرد. ماوەیەکی کەم دواتر بوو بە سەرکردەی فراکسیۆنی (PvdA) لە ئەنجومەنی یاسادانان و بەم شێوەیە بووە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن.

لە ساڵی ١٩٨٩دا، (PvdA) حکومەتێکی ئیئتیلافی لەگەڵ هاوپەیمانێتی دیموکراتی مەسیحی پێکهێنا. کۆك بووە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی. لە ساڵی ١٩٩٤ کۆك بووە یەکەم سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ئیئتیلافی هۆڵەندا کە تەنیا پێکهاتبوو لە حزبە سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکان. ئەم ئیئتیلافە (ئەرخەوانی)یە دوو خولی حوکمڕانی بردەوە و زۆر سەرکەوتوو بوو، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا. وەکو وەزیری دارایی و دواتر سەرۆك وەزیران، کۆك وەکو کەسێکی سەرسەخت ،بەئاگا و شارەزا ناوبانگی دەرکرد. ئەو ژمارەیەك ڕێوشوێنی گرتەبەر بۆ بڕینی خەرجی گشتی. ئەم ڕێوشوێنانە سنووردانانی بۆ خاوەندارێتی سوودی ناتوانایی دەگرتەخۆ، کە تەنانەت لەناو حزبەکەی خۆیشیدا بە هەنگاوێکی زۆر چارەنووسساز دەبینرا. کۆك ( PvdA)ی هاندا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کە واز لە ئایدۆلۆژیای توندی سۆسیالیستی بهێنێت. وەکو سەرۆك وەزیران، ئەو وەکو پیاوێکی دەوڵەت دانرا کە سنووری سیاسەتی حزبی بڕی. لە سەردەمی ئیدارەکەی ئەودا، پۆلدەر مۆدێل ( Polder Model) سەرنج و ڕێزێکی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەمە ئاراستەوەرگرتنێکی بڕیارئاسا بوو کە دانوستان، گەیشتن بە ڕێکەوتنی هاوبەش و پێکهێنانی کۆڕایی لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا (چ سیاسی یا کۆمەڵایەتی) دەهێنایە کایەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت. پاش تەواوبوونی ماوەی حوکمڕانی کۆك، ئەم ئاراستەیە لە گەلێك لایەنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە. بانگەشەی ئەوە دەکرا کە سەر دەکێشێت بۆ خۆلادان لە بڕیارە جەوهەرییەکان کە بە هۆیانەوە کێشەی کۆمەڵایەتی گرنگی وەکو یەکخستنی گروپە ئەتنییە جیاجیاکانی هەژاران لەگەڵ کۆمەڵگەی هۆڵەندیدا دەخرانە ژێر بەڕەکەوە.

## جاك دێلۆر

جاك دێلۆر لە ساڵی ١٩٢٩ هاتە دونیاوە. ناوبانگی نێودەوڵەتی زیاتر وەکو سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا دەرکەوت و پشتیوانێکی سەرسەختی یەکپارچەیی هەرچی زۆرتری ئەوروپا بوو. دێلۆر کارەکەی لە بانکی ناوەندی فەرەنساوە لە ساڵی ١٩٤٥دا دەست

پێکرد. پاشان پەیوەندی کرد بە ستافی سەرۆك وەزیرانی گۆلیست، جاك شابان–دێلما. لە ساڵی ١٩٧٥دا پەیوەندی کرد بە حزبی سۆسیالیستی نوێ کە لەلایەن فرانسوا میتران–ەوە پێکهێنرابوو و بوو بە راوێژکاری ئابووری سەرەکی ئەو حزبە. دێلۆر بەردەوام بوو تاوەکو بوو بە وەزیری کاروباری ئابووری حکومەتی چەپ کە لەلایەن پییێر مۆرۆی–یەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

لە ساڵی ١٩٨٥، دێلۆر بووە سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا، پۆستێك کە بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ تیایدا مایەوە. لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، ژمارەیەك پرۆژەی ئەوروپی گەورە، یا جێبەجێکران ( بازاڕی ناوەکی، سەندیکای دراویی) یا ئامادەکران ( پەسەندکردنی تاکە دراوی ئەورووپی، ئیورۆ). ئەو تاوەکو ئێستا (سیاسی)ترین سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپییە و وەکو پێشبڕکێکار و سیاسەتمەدارێکی ئەوروپی کاریزمی، ڕێز و ناوبانگێکی بەربڵاوی بەدەستهێنا. لە خانەنشینبوونییەوە لە سیاسەتی چالاك، دێلۆر زۆرجار خەمی خۆی لەبەرانبەر کەموکورتی شەرعیەتی دیموکراتی و بەرپرسیارێتی گشتی کۆمسیۆنی ئەوروپی دەرخستووە.

## ماریۆ سۆرس

ماریۆ سۆرس لە ساڵی ١٩٢٤ لە لشبۆنە هاتە دونیاوە. لە تەمەنێکی زوودا بووە نەیارێکی دیکتاتۆریەتی ڕاستڕەو لە پورتوگال



و لە ساڵانی ڕاستەوخۆی دوای جەنگدا لە چەند بۆنەیەکدا لەلایەن PIDE، پۆلیسی نهێنی دیکتاتۆر ئەنتۆنیۆ دو ئۆلیڤێرا سالازار دەستگیر کراوە. سۆرس، کە وەکو مامۆستا و پارێزەر کاری دەکرد، لەبنەڕەتدا ئەندامێکی حزبی کۆمەنیستی پورتوگالی بوو. لە ساڵی ١٩٥١دا وازی لە کۆمەنیزم هێنا و بووە سۆسیالیستێکی دیموکرات. ئەو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سیاسی سۆسیالیست ( کردەوەی سۆسیالیستی پورتوگالی – Portuguese Socialist Action) کە لە سویسرا دەستی بە چالاکی کرد. لە ساڵی ١٩٦٨دا جارێکی تر لەلایەن PIDE ەوە دەستگیر کرایەوە و بۆ (ساو تۆم) دوور خرایەوە. دواتر و لە هەمان ساڵدا کاتێك کە سالازار بە سەرۆك وەزیران مارسێلۆ کایتانۆ جێگۆڕکێی پێکرا، گەڕایەوە پورتوگال. حزبە ئۆپۆزسیۆنە راستەقینەکان هەر قەدەغە کراو بوون، هەرچۆنێك بێت سۆرس جارێکی تر دەرکرا. لە ئیتاڵیا و دواتر لە فەرەنسا ژیانی بەسەر برد، کە لەوێ حزبی سۆسیالیستی پورتوگالی دواجار دامەزرێنرا و سۆرس بووە سکرتێری گشتی.

بە دوای (شۆڕشی گوڵەباخ)ی ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤دا سەرکردە دوورخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن گەڕانەوە بۆ پورتوگال. ( بزاڤی هێزە چەکدارەکان) کە شۆڕشی وروژاندبوو، ماریۆ سۆرس–ی وەکو وەزیری دانوستانەکانی دەرەوە دەستنیشانکرد، کە بەرپرس بوو لە ڕێکخستنی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی پورتوگال. بە زوویی ململانێی

توند لە نێوان کۆمەنیستەکان و سۆسیالیستەکانی ناو حکومەتی نوێدا پەیدا بوو. سۆرس وەکو میانڕەوێك ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا کە دژی مەیلە ڕادیکاڵەکانی کۆمەنیستەکان و هێزە شۆڕشگێڕەکان وەستایەوە. لە ساڵی ١٩٧٦دا یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی ئازاد لە پورتوگال کرا. حزبی سۆسیالیستی پورتوگالی سۆرس زۆربەی کورسییەکانی بردەوە کە لێرەوە سۆرس بووە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی سۆسیالیستی وڵاتەکە ( یەکەم جار بە حکومەتی کەمینەوەو دواتر بە ئیئتیلاف لەگەڵ دیموکراتە مەسیحیەکاندا). ئەم حکومەتە لە ساڵی ١٩٧٨دا ڕووخا، بەڵام سۆرس جارێکی تر وەکو سەرۆك وەزیران لە ١٩٨٣وە بۆ ١٩٨٥ دەست بەکار بووەوە. لەم ماوەیەدا دانوستان لەبارەی چوونەناو یەکێتی ئەوروپای پورتوگال دەستی پێکرد، کە ئەنجامی بوونەئەندامی ئەو وڵاتەی لە یەکێتی ئەوروپادا لە ساڵی ١٩٨٦دا لێکەوتەوە. دواتر سۆرس دوو جار بە سەرۆکی پورتوگال هەڵبژێردرا ، ساڵی ١٩٨٦ و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩١دا. سۆرس لە ساڵی ١٩٩٦دا خانەنشین بوو، بەڵام جارێکی تر لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ٢٠٠٦دا هەستایەوە سەرپێ. ئەوەبوو ١٤٪ی دەنگەکانی هێنا و نەیتوانی خولی سێیەمی حوکمڕانی بباتەوە.



## ئەندرێ پاپاندریۆ

ئەندرێ پاپاندریۆ ساڵی ١٩١٩هاتە دونیاوە، کوڕی جۆرج پاپاندریۆیە، سیاسەتمەداری لیبراڵی یۆنانی بەرجەستەی ئەو کاتە. وەکو خوێندکارێك، ئەندرێ لە گروپە ترۆتسکیستەکاندا چالاك بوو. لە ساڵی ١٩٣٩دا ، کاتێك یۆنان لە ژێر باڵی ڕژێمی دەسەڵاتخوازانەی (یۆناسیس مێتاکسەس)دا بوو، ئەندرێ دەستگیرکرا و ئازاردرا. بە بەر بوونی، ڕێگەی درا وڵات جێ بهێڵێت و بەرەو ئەمەریکا کەوتەڕێ. بوو بە هاوڵاتی ئەمەریکا و لە ژمارەیەك زانکۆی ئەو وڵاتەدا وانەی وتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩دا گەڕایەوە یۆنان و بە تایبەت وەکو ئابووریناسێك چالاك بوو. لە ساڵی ١٩٦٣دا، باوکی بووە سەرۆك وەزیرانی یۆنان و ئەندرێ بوو بە ڕاوێژکاری ئابووری سەرەکی ئەو. ئەندرێ دەستی لە ڕەگەزنامەی ئەمەریکی هەڵگرت و لە ساڵی ١٩٦٤دا بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی یۆنانی هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەندرێ لە (گەلەکۆمەکێ ی ئەسپیدا– Aspida Conspiracy) وە گلێنرا و تۆمەتبار کرا بە گەلەکۆمەکێ لەگەڵ فراکسیۆنەکانی چەپە توندەکان لەناو سوپای یۆنانیدا.

کاتێك لە ساڵی ١٩٦٧دا کۆلۆنێلە ڕاستڕەوەکانی یۆنان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەردوو جۆرج و ئەندرێ پاپاندریۆ خرانە بەندیخانەوە. جۆرج لە ساڵی ١٩٦٨دا کاتێك کە لە ماڵدا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەستبەسەر کرا بوو کۆچی دوایی کرد، ئەندریۆ جارێکی تر لە وڵات دوور خرایەوە. لە تاراوگە ڕێکخراوێکی دژە دیکتاتۆری نوێی پێکهێنا بەناوی بزاڤی ڕزگاریخوازی پان هێلێنیك (PAK). بە دوای ڕووخانی حوکمڕانی ئەنجومەنی سوپادا لە ساڵی ١٩٧٤، ئەندریۆ لەو ساڵەدا گەڕایەوە یۆنان کە لەوێ حزبێکی نوێی لەسەر بنەمای ( PAK) دامەزراند بە ناوی بزاڤی سۆسیالیستی پان هێلینیك ( PASOK)، حزبەکە سەرکەوتنی دەستبەجێی لە ڕاپرسییەکاندا بەدەستنەهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی ١٩٨١دا ، پاسۆك سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و ئەندریۆ پاپاندریۆ بوو بە یەکەم سەرۆك وەزیرانی سۆسیالیستی یۆنان. ماوەی حوکمڕانی ئەو لە زۆر ڕووەوە دابڕانێکی بەرچاوی تۆمار کرد لەگەڵ ڕابردوو دا. ئەو لە دژی بە ئەندامبوونی یۆنان لە یەکێتی ئەورووپا وەستایەوە و بانگەوازی کشانەوەی کرد لە ناتۆ. ( لە هەردوو حاڵەتدا سەرکەوتوو نەبوو). گەلێك ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجامدرا. ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، سەروەختی بەجەمسەربوونێکی دیار و ئاشکرا بوو. پاسۆك لە ساڵی ١٩٨٥دا سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنێکی تردا مسۆگەر کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩دا نەیتوانی هەڵبژاردن بباتەوە. لە ساڵی ١٩٩٠دا، بە دوای قەیرانێکی سیاسی درێژخایەندا، حزبی (دیموکراسی نوێ)ی ڕاستڕەو جڵەوی حکومەتی گرتەدەست.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، ئەندریۆ گلایە نناکۆکی و خۆناوزڕاندووکردن(سکاندالّ– scandal)ەوە. لە ١٩٨٩دا ژنەکەی تەڵاق دا و ژنێکی زۆر گەنجتری مارە کرد. ئەمە بووە هۆی نامۆ بوون بە منداڵە پێگەیشتووەکانی، لەوانەش کوڕەکەی، جۆرج کە لە ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٤ وەزیرێکی پاسۆك بوو و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ بە سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەڵبژێردرا. هەر لەو ساڵەدا ئەندریۆ لەلایەن پەرلەمانیشەوە پەیوەست بە سکانداڵی ئیختیلاسی بانکی (کریت) تۆمەتبار کرا. دواجار ئەو لەم هەموو تێوەگلاندنەدا بێبەری کرا و بە بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بوو لە بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەکان. هەرچۆنێك بێت باری تەندروستی خراپی نەیهێشت چالاکانە حکومەت بەڕێوە ببات. لە کانوونی دووەمی ١٩٩٦دا لە حکومەت خانەنشین بوو و لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد.

ئەندریۆ پاپاندریۆ سیاسەتمەدارێك بوو تەواو جێگەی مشتومڕ. ئەو پاڵەوانی چینی کرێکار، پیر و هەژاری ناوچە لادێییەکان بوو، بەڵام لەلایەن ڕاستڕەوەکانەوە ناو و ناتۆرەی لێدەنرا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# تێگەیشتن لەسۆسیال دیموکراسی



مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەوروپا پڕ ئاژاوەترین هەرێمی سەر زەوی بوو. جەنگ، قەیرانی ئابووری، پێکدادانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کیشوەرەیان تەنیبووەوە. لە چارەکی دووەمی ئەو سەدەیەدا، لە ئارامترین، هارمۆنییترین و بووژاوەترین دۆخدا بوو. چی گۆڕابوو؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو حیکایەتی باو هەن. یەکەمیان سەرنج دەخاتەسەر ململانێی نێوان دیموکراسی و ئەلتەرناتیڤەکانی، ڕکابەرێتی لیبڕاڵیزم لە بەرانبەر فاشیزم، ناسیۆنال سۆسیالیزم و مارکسیست–لینینیزم. دووەمیان سەرنج لەسەر کەپیتاڵیزم و ئەلتەرناتیڤەکانی، ڕکابەرێتی لیبراڵیزم لەگەڵ سۆسیالیستەکان و کۆمەنیستەکاندا چڕ دەکاتەوە.

ئەم حیکایەتانە بە ئاسانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەپیتاڵیزمی دیموکراتیك باشترین و لە ڕاستیدا شێوەی (سروشتی) ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییە و ئەو کاتەی کەئەوروپای خۆرئاوا بە تەواوی گرتیە خۆی، بە باشی بەڕێوەچوو.

بێگومان ئەم لێکدانەوەیە ڕادەیەك لە حەقیقەت دەگرێتەخۆی: ئەو سەدەیە ململانێیەکی بە خۆیەوە بینی لە نێوان دیموکراسی و دوژمنانی، بازاڕ و ئەلتەرناتیڤەکانیدا. بەڵام ئەمە تەنیا حەقیقەتێکی ڕێژەییە، چونکە بەسەر خاڵێکی چارەنووسسازدا باز دەدات: لە ڕووی مێژووییەوە دیموکراسی و کەپیتاڵیزم لە ناکۆکیدا بوون.

لەبەرئەوە ڕەگەزێکی سەرکەوتنی هاوبەشیان بریتی بوو لە دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ پێکەوەژیان. لە کرداردا، ئەمە وا هەڵکەوت کە بەواتای ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پارێزگاریکردن لە هاووڵاتییان لە دەست وێرانکارییەکانی بازاڕە بێ کۆت و بەندەکان بێت. ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە باڵادەست بوو لیبراڵیزم نەبوو، بەوجۆرەی کە بەسەرهاتەکانی (کۆتایی مێژوو) دەیانگێڕایەوە، بەڵکو ئەوە سۆسیال دیموکراسی بوو.

ئەگەر ئەو قسەیە جێگەی سەرسوڕمانە یا زیادەڕەوی پێوە دیارە، ئەوا بە هۆی ئەمەوەیە کە سۆسیال دیموکراسی بە دەگمەن ڕێزی لێدەنرێت یا شیکردنەوەیەکی ئایدۆلۆژی قووڵی بۆ دەکرێت کە شایستەی بێت. سەرەنجام ئەو هێزەی کە ڕەوگەی سیاسەتی ئەورووپای لە ڕابردوودا گۆڕی و توانی ئەمە لە ئایندەدا دووبارە بکاتەوە هێشتا تەمومژاوییە.

هۆکارێکی ئەم فەرامۆشکردنە بریتییە لە تێکەڵکردنی سادەی زاراوەکان. لە ماوەی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا گەلێك لە سۆسیالیستەکان ناونیشانی (سۆسیال دیموکرات)یان پەسند کرد بۆ خۆجیاکردنەوە لەو سۆسیالیستانەی کە دیموکراسییان قبوڵ نەبوو. بەڵام ئەوانە لەسەر کەمێك لەودیو ڕەفزکردنی ڕێگەی یاخیگەرانە یا توندوتیژانەی گرتنەدەستی دەسەڵات ڕازی بوون، گروپ بەندییەکەیان والێکرد کە شیاوی



شیکردنەوەیەکی کەم بێت. ئەمڕۆکە بارودۆخەکە هاوشێوەیە، ڕیزبەندییەکی بەرفراوانی تاکەکان بە حزبی سیاسی زۆر جیاوازەوە خۆیان بە سۆسیال دیموکرات دەناسێنن و خاڵی هاوبەشی کەمیان هەیە بەدەر لە هەندێ سۆزی چەپڕەوانەی تەمومژاوی و مەیلێکی پڕ جۆش خرۆش بۆئەوەی بە کۆمەنیست لەقەڵەم نەدرێن.

تۆژەرانی مۆدێرنیش زۆرجار شکستیان هێناوە لە هەڵسەنگاندنی جیاکارییە ئایدۆلۆژییەکانی سۆسیال دیموکراسی. لەم چەند دەیەیەی دواییدا زۆربەی کارە پەیوەندیدارەکانی ئەم بابەتە یەکێك لەم دوو ڕوانگەیە پەسند دەکەن. یەکەم، کە بە زۆری لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بەرگری لێکراوە، سۆسیال دیموکراسی وەکو ڕێککەوتنێکی خاڵی هاوبەش دەبینێت لەنێوان مارکسیزم و لیبراڵیزمدا کە لە ڕەگەزەکانی نەریتە ناکۆکەکان ئامادەکراوە. لەم تێڕوانینەدا سۆسیال دیموکراتەکان سۆسیالیستن بەبێ بوێری باوەڕی شۆڕشگێڕانە یا ئەو سۆسیالیستانەی کە سندوقی دەنگدانیان لە بەرانبەر فیشەکدا هەڵبژاردووە(١). ڕوانگەی دووەم، بە زۆری لەلایەن پشتیوانانەوە جەختی لێدەکرێتەوە، بزاڤەکە وەکو هەوڵێك دەبینێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێکی تایبەت یا پاڵپشتیکردنی بەهاگەلێکی دیاریکراو. لەم ڕوانگەیەوە، سۆسیال دیموکراتەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی پاڵەوانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، یان (یەکسانی)، یان (هاریکاری)ن (٢).

١–لەم ڕووەوە لینین بە جۆش و خرۆشەوە هێرشی کردە سەر ئێدوارد برنشتاین و پێشینانی تری سۆسیال دیموکراسی، کە ئەوو دەیگوت هەوڵدەدەن سۆسیالیزم بە ( لیبراڵیزمی بۆرجوازی) ئاڵودە بکەن. ئەو پێداگری لەوە دەکرد کە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان (ئەنتی تێز–یان لە ڕووی پرەنسیپەوە لە نێوان لیبراڵیزم و سۆسیالیزمدا) ناسیووەتەوە.

٢– هەندێ لە لێدوانە باشەکانی ئەم دواییەی ئەم ڕوانگەیە لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە، وتارگەلێکی مایکڵ برۆدبێنت و مایکڵ والزەر دەگرێتەوە. بڕوانە گۆڤاری دیسسێنت، پایزی ١٩٩٠.

هەر یەك لەم تێڕوانینانە هەندێ ڕاستی تێدایە، بەڵام هەردووکیان بەشێکی گەورەتری وێنەکە دەشێوێنن. ئەوەی کە دەبێت بە ڕاستی درکی پێبکرێت، ئەوەیە کەسۆسیال دیموکراسی لە سەروو پرۆگرامێکی سیاسی تایبەتەوەیە. ڕێککەوتنێکی هاوبەش نییە لەنێوان مارکسیزم و لیبراڵیزمدا و ناشبێت لەسەر هیچ تاك یا حزبێك بە سۆزی تەمومژاویی چەپڕەوانە و بە دژە سۆزی کۆمەنیزم پیادە بکرێت. لەبری ئەمە، سۆسیال دیموکراسی، لانی کەم ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە وەرگیراوە، ئەلتەرناتیڤێکی کاملی نواندووە بۆ هەر دوو مارکسیزم و لیبراڵیزم کە لە ناوەرۆکییەوە باوەڕێکی جیاکەرەوەی هەبووە لە ئەولەویەتی سیاسەت و هاوبەشیگەرایی (



communitarianism)دا. کلیلی تێگەیشتن لە سروشتی ڕاستەقینەی سۆسیال دیموکراسی، لە بارودۆخی لەدایکبوونیدایە.

## حیکایەتی سۆسیال دیموکراسی

بە دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی، لیبراڵیزم وەکو یەکەم ئایدۆلۆژیای سیاسی و ئابووری مۆدێرن دەرکەوت. لە کاتێکدا کە کە پیتاڵیزم لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا لە سەرتاپای ئەوروپا بڵاو بووەوە، لیبڕالیزم ڕوونکردنەوەیەك و پاساوێکی پێبوو بۆ ئەو وەرچەرخانانەی سیستەمی نوێ لەگەڵ خۆیدا هێنانی. لیبڕاڵەکان باوەڕیان بە پێشکەوتن ڕاگەیاند، باوەڕێك کە بازاڕ دەتوانێت چاکەیەکی گەورە بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی خەڵك و ئەو بڕوایەی کە دەبێت دەوڵەت ئەوەندەی بکرێت کەم دەستبخاتە ژیانی تاکەکانەوە.

لە ڕاستیدا، پێکەوە گونجانێکی وەها هەبوو لەنێوان سەردەمان و ئایدۆلۆژیا دا لەوەدا کە سەدەی نۆزدە بە زۆری پێی دەوترا ( سەردەمی لیبراڵیزم).

لەگەڵ ئەوەشدا بەهاتنی ناوەڕاستی سەدە، گوڵەکە ئەو ڕەونەقەی نەمابوو. دەرەنجامە پراکتیکییەکانی کەپیتاڵیزمی زوو– بەتایبەت ئەو نایەکسانییە دراماتیکییانە، لێکترازانە کۆمەڵایەتییە و ورودوخاشکردنەی بەرهەمیهێنا– بووە هۆی کشانەوەیەك لە لیبراڵیزم و گەڕانێك بە دوای ئەلتەرناتیڤەکاندا.(٣) تەحەدای هەرە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گرنگ و بەهێز لەلای چەپەوە ، لە مارکسیزمەوە هات ولە دوایین دەیەکانی سەدەی نۆزدەدا وێنەیەکی زانستی و حەتمی ( deterministic) ی مارکسیزم ( کە زیاتر لەلایەن یاریدەدەری مارکس و پەیامبەری سەرەکی ، فرێدریك ئەنگلزەوە ڕێکخرابوو و لەلایەن ( پاپای سۆسیالیزم ) کارل کاوتسکی–یەوە ئاشنا کرا) خۆی وەکو ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی بەشی هەرە زۆری بزاڤی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی بنیات نابوو(٤). تایبەتمەندی هەرە جیاوازی ئەم بیروباوەڕە، ماتریاڵیزمی مێژووی و ململانێی چینایەتی بوو کە بەیەکەوە بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە مێژوو نەك بە هۆی گۆڕانەکانی ئاگایی یان ڕەفتاری مرۆیی، بەڵکو بە هۆی گەشەی ئابووری و ئەو گۆڕانانەی لێیدەکەوێتەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەڕوات بەڕێوە. هەروەکو ئەنگلز وتبووی، (چەمکی ماتریاڵیستی مێژوو لەم پێشنیارەوە دەست پێدەکات کە ...دەبێت دوایین پاڵنەرەکانی هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشێکی سیاسی نەك لە مێشکی مرۆڤەکاندا، نە لە باشترین وردبینی مرۆڤ بۆ دادپەروەری و حەقیقەتی نەمر، بەڵکو لە مۆدەکان(modes)ی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕدا سۆراخ بکرێن. ئەمانە نابێت لە *فەلسەفە*دا، بەڵکو دەبێت لە ئابووری هەر زەمەنێکی تایبەتدا سۆراخ بکرێن.) هەروەکو چاودێرێك تێبینی کردووە، ئەو ماتریاڵیزمە مێژووییەی کە گەڵاڵە کراوە دیدێکی ( بەرهەمهێنەرانە)ی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مێژوو بوو : لە کاتێکدا کە کەپیتاڵیزم تۆوی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی ئایندەی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو، سۆسیالیستەکان هەر ئەوەندەیان مابوو چاوەڕێی گەشەی ئابووری بکەن تاوەکو هاودژییە ناوەکییەکانی سیستەم وەلانێن تا ئەو شوێنەی کە دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێ شتێك زیاتر لە مامانێکی پێویست دەبوو. (٥)

٣– لەناو کەمپی لیبڕاڵیی خۆیدا نائومێدبوون لە کاریگەرییەکانی بازاڕە بێ کۆنوبەندەکان لەسەر کۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەی کە (پێداچوونەوەخواز)ە لیبڕاڵەکان خۆیان بەتەنیا لە یارییەکە بچنەدەر بە هیوای دروستکردنی سەنتێزێکی نوێ.

٤– لەناو ئەدەبیاتدا وتوێژێکی زۆر هەیە لەبارەی ئەمەوە کە داخۆ (مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی) بەردەوامییەکی لۆژیکی یا خیانەتکردنە لە بیری مارکس. لەبەرئەوەی لێرەدا سروشتی ڕاستەقینەی مارکسیزم کێشەی من نییە، بەڵکو ئەمەی کە چۆن وەچەیەکی سۆسیالیستەکان مارکسیزمیان تەرجەمە کرد یا وەرگرت، ئەم وتوێژە ڕاستەوخۆ بۆ ئەم بەلگاندنەی لێرەدا خراوەتەڕوو گونجاو نییە.

٥–بێگومان ناکۆکهاتنەوەیەکی دیار لێرەدا ئەمەیە کە، ئەگەر هەموو ئەوەی کە پێویست بوو (مامانێك) بوو، بۆچی هەر یەکەم جار

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

حزبە سۆسیالیستە گەورە و بەهێزەکان دامەزران؟ ئەمە پرسیارێکە تۆژەران ئێستاشی لەگەڵدا بێت گیرۆدەن لەگەڵیدا.

لەم درامایەشدا ئەوەی ڕۆڵی مامانی دەبینی ململانێی چینایەتی و بەتایبەت پرۆلیتاریا بوو. هەروەکو کاوتسکی وتبووی، ( بە دڵنیاییەوە گەشەی ئابووری لەسەرخۆ ئەو هەلومەرجە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە چینە بەکاربراوەکان ناچار دەکات لە دژی ئەم سیستەمەی خاوەنداریّتی تایبەت ڕابن.) لەگەڵ تێپەڕینی هەر ڕۆژێکدا گروپی ( کرێکارانی بێ موڵك گەورەتر دەبن کە سیستەمی باڵادەست لە بەرانبەریاندا ئارامی (نامێنێت)؛ گروپێك کە هیچی نییە لە بەرانبەر ئەو هەرەسهێنانەدا لە دەستی بدات، بەڵام هەموو شتێك هەیە بەدەستی بێنێت).

هەرچۆنێك بێت بە تێپەڕینی کات، مارکسیزمی ئەرتۆدۆکسی دەکەوتە ناو تەنگ وچەڵەمەوە. بۆ دەستپێکردن لێیانەوە، گەلێك لە چاوەڕوانییەکانی مارکس نەهاتنەدی. کەپیتالیزمی ئەورووپی دوادواکانی سەدەی نۆزدە پاش قەیرانێکی ئابووری درێژخایەن هێزێکی بووژاوەی بەخۆیەوە بینییەوە و دەوڵەتە بۆرژوازییەکان دەستیانکردبوو بە کارکردن لە ریفۆرمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگدا. هەر لەو کاتەدا کە شکستەکانی مارکسیزم وەکو ڕێنوێنێکی مێژوو ڕوون دەبوونەوە، سەرەڕای ئەمە، بە لەبەرچاوگرتنی کەموکورتییەکەی وەکو ڕێنوێنێکی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کرداری سیاسی بنیاتنەر، ڕەخنە لەناو بزاڤی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالدا سەری هەڵدا. ئەو حزبانەی کە لە ژێر ناوی مارکسدا چالاکییان دەکرد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەژمارەیەك وڵاتی ئەورووپیدا ببوون بە یاریکەری سیاسی گرنگ، بەڵام مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی نەیتوانی ببێتە ستراتیژێك بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە کردارییەکانیان. لەبارەی ڕۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان بە گشتی، بیری مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی هیچی وەهای نەبوو بۆ وتن، چونکە هێزە ئابوورییەکانی لەبەرچاوگرتبوو نەك چالاکی سیاسی کە ببێت بە داینەمۆی سەرەکی مێژوو.

لەبەرئەوە لە سەرو بەندی هاتنی سەدەی بیستەمدا، گەلێك لە چەپگەراکان ڕووبەڕووی قەیرانێکی پڕ لە کێشە بوونەوە: کەپیتالیزم دەبووژایەوە، بەڵام نادادپەروەری ئابووری و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کە بە پلەی یەك پڕۆژەی مارکسی ورووژاندبوو ، وەکو خۆی مایەوە. مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی تەنیا ئامۆژگاری ناکارایی پێشکەش دەکرد– واتە چاوەڕوانییکردن تا ئەوەی کە هاودژییەکانی ناو کەپیتالیزم سیستەمەکە دەڕوخێنن، کە هەم دوورەدەست دیاربوو و هەم تەواو بێتام بوو.

ئابووریگەرایی ناچالاکی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسییش هیچی وەهای نەکرد بۆ تێرکردنی پێویستییە سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵانی

خەلْکی  ژێر باری شلەژانی ئابووری و کۆمەلاْیەتی. دوایین سالْەکانی سەدەی نۆزدە، وەکو سالاْنی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەك  شەپۆلێکی بەجیهانییبوون و گۆڕانێکی خێرا و پەشێوی بەخۆیەوە بینی. ئەمە پشێوییەکی گەورەی دروست کرد لە ناو کۆمەلْگاکان و ڕەخنەگرانی ئەورووپیدا نەك تەنیا لە بالْی چەپدا بەلْکو هەنوکە  بەشێوەیەکی بەرچاو لە ناو ڕاستڕەوە ناسیۆنالیستەکانیشدا. ئەم پشێوییە کەوتە لێدانی  شکۆی بەرژەوەندی خۆیی ، تاکگەرایی بالاْدەست، شێیوونەوەی بەها و کۆمەلْە نەریتییەکان و سەرهەلْدانی پەرتەوازەیی کۆمەلاْیەتی، هاڕین و ئەو پارچە پارچەبوونەی کەپیتالْیزم لەگەلْ دەرکەوتنی لەگەلْ خۆیدا هێنای. مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی هیچی وەهای پێنەبوو بۆئەوەی پێشکەشی ئەوانەی بکات کە بایەخیان بە وەلاْمدانەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی کەپیتالْیزم دەدا ( لەبری تەنیا چاوەڕوانییکردن بۆ هەرەسهێنانی) و هیچ بەزەیی و تێگەیشتنێکی وەهاشی نەبوو بۆ سۆزی هاوبەشیگەرایی و ناسیۆنالیستی ڕوو لەگەشە. بگرە لە دژی ئەم باکگراوندە و وەلاْمدەرەوەی ئەو ناکامییانە بوو کە بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات  دەرپخستبوون.

کاتێك کە سەدەی نۆزدە گەیشتە سەروبەندی کۆتایی،  ژمارەیەك لە سۆسیالیستەکان درکیان بەوە کرد کە خەریکە ئاکامی سیاسی خوازراویان نابینن، لەبەرئەوەی حەتمی بوو ( هەروەکو مارکس،



ئەنگلْز و گەلێك لە پەیڕەوانی سەرسەختیان  باوەڕیان وابوو) کەواتە دەبووایە لە ئەنجامی کردەوەی مرۆییدا بێتەدی. هەندێ لە نەیاران، وەکو لینین، پێی وابوو کە دەبێت *بسەپێنرێت* و بۆیە دەستی کرد بە پالْنانی مێژوو بەناو هەولْە سیاسی–سەربازییەکانی  پێشقەراولی شۆڕشگێڕدا. ئەوانیتر پێیان وابوو کە دەتوانیت وای لێبکەیت *خوازراو* بێت و لێرەوە لە ناو هەولْە دەستەجەمعییەکانی وروژێنراوەکانی چاکەی بالاْتردا دەربکەوێت.

لەناو ئەم کەمپە ( پێداچوونەوەخواز)ەی دواتردا  دوو ئاراستەی بیرکردنەوەی جیا دەرکەوتن. یەکەمیان شۆڕشگێڕی و خەستکراوەی کارەکانی جۆرج سۆرێل بوو. دووەم ئاراستەی پێداچونەوەخوازانەی دیموکراتیك بوو و پوختکراوەی کارەکانی ئێدوارد برنشتاین بوو. وەکو سۆرێل، بێرنشتاین باوەڕی وابوو کە سۆسیالیزم لە ململانێیەکی چالاکەوە بۆ جیهانێکی باشتر دەردەکەوێت، بەلاْم بە پێچەوانەی سۆرێلەوە، بێرنشتیان پێ وابوو دەکرێت و دەبێت ئەم ململانێیە فۆرمێکی دیموکراتی و گەشەی لەسەرخۆ  وەربگرێت. ئەگەر کارەکانی سۆرێل یاریدەدەر بووبێتن بۆ  دانانی زەمینەی فاشیزم، ئەوا هی بێرنشتاین یاریدەدەری دابینکردنی زەمینەی سۆسیال دیموکراسی بوون.

بێرنشتاین هێرشی کردە سەر دوو پایەی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی– ماتریالْیزمی مێژوویی و ململانێی چینایەتی– و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەڵگەی بۆ ئەلتەرنتیڤێك هێنایەوە لەسەر بنەمای ئەولەویەتی سیاسەت و هاوکاری چینە ناکۆکەکان. تێبینییەکانی ئەو لەبارەی کەپیتاڵیزمەوە وایان لێکرد باوەڕی وابێت کە نابێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان و تێکدانی کۆمەڵگە، بگرە زیاتر و زیاتر ئاڵۆز و گونجاو دەبوو. لەبەرئەوە، لەبری چاوەڕێکردن تاوەکو کەپیتاڵیزم هەرەسی دەهێنا بۆ دەرکەوتنی سۆسیالیزم، ئەو مەیلی لە هەوڵدانی چالاك بوو بۆ ریفۆرمکردنی ئەو سیستەمەی کە لەئارادایە. بە بۆچوونی ئەو، ڕوانگەکانی سۆسیالیزم پشت ئەستوور بوون (نەك بە کەمبوونەوە بەڵکو بە زیادبوونی... سامان) و بە توانای سۆسیالیستەکان لە بیرکردنەوە لەو (پێشنیارە پۆزەتیڤانەی ریفۆرم) کە هانی گۆڕانی ڕیشەیی دەدەن. باوەڕنەبوونی بێرنشتاین بە حەتمیەتی سۆسیالیزم بووەهۆی ئەوەی کە ستایشی توانایی بکات بۆ ئیرادەی مرۆڤ و کردەوەی سیاسی. ئەو پێی وابوو، باوەڕی مارکسیستە ئەرتەدۆکسییەکان بە مەتریاڵیزمی مێژوویی ناکاراییەکی سیاسی ترسناکی گەڵاڵەکردبوو کە تامەزرۆیی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ ئەوان کەمدەکردەوە. ئەو پێی وابوو کە بیروباوەڕی حەتمییەتی ململانێی چینایەتی بەشداری هەمان ئەو کەم و کورتییە کوشندانە بوو، لە ڕووی مێژووییەوە نارێك (غیر دقیق) و لە ڕووی سیاسییەوە لاوازکەر بوو. بێرنشتاین باوەڕی وابوو کە لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی سروشتی بەرژوەندی هەیە لەنێوان کرێکاران و زۆرینەیەکی گەورەی



کۆمەڵگە کە بەدەست سیستەمی کەپیتاڵیزمەوە ئازاری چەشتبوو و دەبووایە سۆسیالیستەکان ڕەگەزە ناڕازییەکانی چینە ناوەندەکان و جوتیاران لەبەرچاو بگرن وەکو هاوپەیمانی لێهاتووی ئامادە بۆ بوون بە کێشەیەك.

بەڵگاندنەکانی بێرنشتاین بەهۆی ژمارەیەکی بەرچاوی سۆسیالیستە ناڕازییەکان لەسەرتاسەری ئەوروپا دەنگدانەوەیەکی دروست کرد، کەسانێك جەختیان لە ڕێگەیەکی سیاسی دەکردەوە بەرەو سۆسیالیزم نەك پێویستییەکەی و هاوکاری نێوان–چینایەتی نەك ململانێ. لە ماوەی دوایین سالانی سەدەی نۆزدە و سالانی سەرەتای سەدەی بیستدا، ریڤیژنیزم بە پێی خۆی، لە ناو و لەسەرتاپای ژمارەیەك وڵاتدا و لەدژی ئۆپۆزسیۆنی بەردەوامی مارکسیستە ئەرتەدۆکسییەکان و پراگماتیستە دژە تیۆرییەکان بەرەوپێشچوو( کە دەیویست بەبێ لەرزاندنەوەی بەلەمەکە، سۆراخی ریفۆرم گەلێك بکات). هەرچەندە بێرنشتاین و هاوەڵە ریڤیژینستەکانی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەمان مارکسیزم تەنیا (پێدادەچنەوە) یا (نوێی دەکەنەوە)، سەرسەختترین ڕەخنەگرەکانیان – بەرگریکارانی ئەرتەدۆکسی– بە ئاشکرا دەیانبینی کە ریڤیژینستەکان خۆیان لە پەسندکردنی چی بێزارن: ئەمەی کە ئەوان بەڵگەیان دەهێنایەوە بۆ جێگۆڕکێکردنی مارکسیزم بە شتێکی تەواو جیاواز. بە وازهێنان لە مەتریاڵیزمی مێژوویی و

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ململانێی چینایەتی، لە ڕاستیدا ئەوان وەکو چۆن مارکس بەری نیو سەدە بە تەواوی لیبڕاڵیزمی ڕەت کردبووەوە ئەوانیش هەروا مارکسیزمیان ڕەتدەکردەوە. بەڵام ڕیڤیژینیستەکان هێشتا ئامادە نەبوون پیادەکردنەکانی بۆچوونەکانیان بە تەواوی قبوڵ بکەن و دابڕانێکی ڕوون و ئاشکرا لە ئەرتەدۆکسی پراکتیزە بکەن. ئەنجامەکە تەنگژە و پشێویی گەورە دەکرد، بزووتنەوەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالی، وەکو حزبە پێکهاتووەکانی، کردە ماڵێکی دابەشبوو بەسەر چەند بەرەیەکی دژدا. یەکەم جەنگی جیهانی و ئەوەی کە بەدوایداهات ماڵەکەی داتەپاند.

ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەنگی گەورە کەوتنەوە بوونەهۆی ئەوەی کە گەلێك لە چەپڕەوەکان دوو پایەکەی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی بە ڕوونی ڕەتبکەنەوە– ململانێی چینایەتی و مەتریاڵیزمی مێژوویی– و بە ڕاشکاوی ئەنتی تێزەکەیان بگرنە باوەش– واتە هاوکاری نێو چینایەتی و ئەولەویەتی سیاسەت. بە هەڵگیرسانی جەنگ، پایەی یەکەم زەبرێکی گورجکبڕی بەر کەوت. حزبە سۆسیالیستەکان دەستبەرداری گومانیان بوون بەرانبەر حزب و دامەزراوە بۆرجوازییەکان و پشتگیرییان بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕاگەیاند کە تاوەکو ئێستا بەڵێنیان دابوو بیانڕووخێنن. لە قۆناغی پاش جەنگدا باوەڕی ململانێی چینایەتی تەنانەت کەوتە ژێر فشاری قورسترەوە، چونکە ئەو شەپۆلەی دیموکراسی کە بە زۆربەی



کیشوەری ئەورووپادا بڵاو دەبووەوە دەرفەتگەلێکی بێ پێشینەی ڕووبەڕووی سۆسیالیستەکان کردەوە بۆ بەشداری لە حکومەتە بۆرجوازییەکاندا. بە پێدانی چانسی یاریدەدەر بۆپێکهێنان یان تەنانەت بەڕێوەبردنی حکومەتی دیموکراتیك، زۆرێکیان تینیان بۆ هات کە دان بەو حەقیقەتە ڕەقەدا بنێن کە کرێکاران بە تەنیا زۆرینەیەکی دەنگدەر بەنەوە و ئەمەی کە هاوکاری لەگەڵ نا–پرۆلیتارییەکاندا نرخی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە. جەنگ دەسەڵاتی سازدراوی گەورەی ناسیۆنالیزمیشی دەرخست و نەوەیەکی پەروەردە کرد کە کۆمەڵ، هاریکاری و ململانێیان دەنرخاند. بزووتنەوەکانی باڵی ڕاستی پۆپیولیست (شعبی) لە سەرتاپای کیشوەردا ئەم ئاراستانەیان دەخستەڕێ و سۆسیالیستەکان شڵەژاو بوون لەمەڕ ئەوەی خۆگرتنەوە بە مکوڕیی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی لەسەر ململانێی چینایەتی و پرۆلیتاری ڕێگر بێت لە وەڵامی ئەوان بۆ پێویستییەکانی هاووڵاتییانی ئاسایی و لێرەوە وایان لێبکات گۆڕەپانەکە بۆ پێشبڕکێکاران چۆڵ بکەن.

پایەی دووەمیش، واتە مەتریالیزمی مێژوویی، بە هۆی جەنگ و دەرەنجامەکەی زەبرێکی توندی بەر کەوت. بەهۆی ئەو پێگە جەوهەرییەی کە لە گەلێك وڵاتانی تازە دیموکراسیدا لە پاش جەنگی گەورەدا لەلایەن حزبە سۆسیالیستەکانەوە گیرابوو، سەخت

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بوو خۆ لەو پرسیارە لابدرێت کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت پشکی هەبێت لە وەرچەرخانی سۆسیالیستیدا و هێرشی یەك لەدوای یەکی داتەپینی گەورە( Great Depression) ملدانی بۆ هێزە ئابوورییەکان هێنایەئاراوە، واتە ڕێك یەکسان بە خۆکوشتنی سیاسی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە پرۆتێستۆ لە دژی لیبراڵیزم و کەپیتاڵیزم لە پەرەگرتندابوو، بەڵام جەنگ و قەیرانی ئابووری بناغەیەکی جەماوەرییان دا بەو پرۆتێستۆیانە و جموجۆڵەکەیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نەخوازراوانە نوێ کردەوە کە ئامادە بوون لەلایەن هەر بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە داوا بکرێن کە بەڵێنی جڵەوکردنی بازاڕیان پێبدات. جەختکردنەوەی ئەرتەدۆکسی لەسەر ئەوەی کە ڕێگە بدرێت بە هێزە ئابوورییەکان بەڕێوەبەری مێژوو بن بەو مانایە بوو کە لێرەدا گۆڕەپانەکە وازی لێبهێنرێت بۆ گروپە چالاکەکانی باڵی ڕاست.

لە کاتێکدا کە حزبە سۆسیالیستەکان لە وڵات لە دوای وڵاتدا کەوتن، ژمارەیەکی دیاری سۆسیالیستەکان قایلبوون بەوەی کە وێنەیەکی نوێی تەواو پێویستە بۆ بزووتنەوەکەیان – وێنەیەك کە جێگۆڕکێ دەکات نەك ئەمەی کە سەروکاری هەبێت لەگەڵ ئەرتەدۆکسیدا. بۆیە ئەوان ڕوویان کردە ئەو بیرۆکانەی کە پێشەنگانی ڕیڤیژینیزمی نەوەی پێشوو بناغەیان دانابوو : بەهای هاوکاری نێوان چینایەتی و ئەولەویەتی سیاسەت. لە سیاقی ساڵانی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نێوان جەنگە جیهانییەکان و قەیرانی ئابووری گەورەدا، ئەمە یەکەم جار و لە هەمووی زیاتر بە واتای بەکارهێنانی هێزە سیاسییەکان بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزە ئابوورییەکان. لەو شوێنەی کە مارکسیستە ئەرتۆدۆکسەکان و لیبراڵە کلاسیکەکان بە ڕووی کارەساتی ئابووریدا ناکاراییان پیشاندەدا، ( سۆسیال دیموکرات)ە نوێیە، ڕاستەقینە چەپگەراکان بۆ ئەو پرۆگرامانە تێدەکۆشان کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان بۆ جڵەوکردنی سیستەمی کەپیتاڵیستی بەکاردەهێنا. هیچیان ئاواتەخوازی مەرگی کەپیتاڵیزم یا پەرستنی کوێرانەی بازاڕ نەبوون، ئەوان بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە هێزە وێرانکەر و ئانارشییەکانی بازاڕ دەتوانرێ و دەبێت کۆت بکرێن لەکاتێکدا کە تواناکەیان بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێ سوودی لێوەردەگیرێت. لەم ڕووەوە ئەوان کەوتنە بەرگری کردن لە (ڕێگەی سێیەم)ێکی ڕاستەقینە لەنێوان لیبراڵیزمی کەمترین دەستێوەردان و کۆمەنیزمی سۆڤیەتی لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە پێویستە هێزە سیاسییەکان بتوانن بەسەر هێزە ئابوورییەکاندا زاڵ ببن. ئەم بیرۆکانە لایەنگیری خۆیان لەناو هەموو حزبە سۆسیالیستەکاندا دۆزییەوە. بۆ نموونە لە بەلجیکا، هۆڵەندە، و فەرەنسا، ( هێندریك دو مان) و (پلانی کار-plan du travail)ەکەی پشتیوانی بەهێزی کۆکردەوە. دومان بەرگری کرد لە ستراتیژێکی شەڕی چالاکی خوازانە لە دژی قەیرانی ئابووری، وەرچەرخانێکی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسەرخۆی کەپیتالیزم و سەرنج خستنەسەر کۆنترۆڵ بە بەراورد لەگەڵ خاوەنداریێتی سەرمایە. هەڵسوڕاوان لە بەشەکانی تری ئەوروپادا ئەم بیرۆکانەیان بڵاو کردەوە: لە ئەڵمانیا و نەمسادا، ریفۆرمکاران لایەنگیری دەستێوەردانی حکومەتیان کرد لە ئابووری و بەناو پرۆگرامەکانی هاندان–ی کەینسی( Keynesian) و لە سوید SAP تاکە هەوڵی هەرە ئارەزوومەندانەی خستەگەڕ بۆ گۆڕینی شێوەی کەپیتالیزم لە ناوەوەڕا.

بە چاوپۆشیکردن لەو سیاسەتە دیاریکراوانەی ئەوان لایەنگیریان دەکرد، شتێك کە چووە پاڵ هەموو سۆسیال دیموکراتە تازە دەرکەوتووەکانی نێوان جەنگە جیهانییەکان ڕەتکردنەوەی ناکارایی و حەتمییەتی ئابووری مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی و باوەڕهێنان بوو بە پێویستی بە کارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ جڵەوکردنی کەپیتالیزم. هەرچۆنێك بێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە– و دواجار فرێدانی مەتریالیزمی مێژوویی بۆ ناو زبڵدانی مێژوو– دەبووایە پشتگیری زۆرینە ببەنەوە بۆ پرۆگرامەکانیان و بەرەنگاری پێشکەوتنەکانی ڕاستڕەوی ناسیۆنالیست بکەن. لەم ڕووەوە، لە ماوەی ساڵانی نێوان جەنگدا، زۆرێکیان گەڕانەوە بۆ بیرۆکەکانی هاوکاری نێوان چینەکان کە بێرنشتاین و ریڤیژنیستەکانی تر لە سەردەمی نەوەیەك پێشتردا گەڵاڵەیان کردبوو. لە سەردەمی لێکترازان و پشێویدا، ئەم سۆسیال دیموکراتانە بۆیان دەرکەوت کە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بانگەواز کردن بۆ (خەڵك)، (کۆمەڵ) و چاکەی هاوبەش زۆر سەرنجراکێشترن لە ڕوانگەی ململانێی چینایەتی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی یاخود تاکگەرایی لیبراڵە کلاسیکەکان و لەبەر ئەوە زۆرجار بانگەشەی هاوبەشیگەرایی، شەراکەتی( corporatist) و تەنانەت نەتەوەییان ئاراستە دەکرد و حزبەکانیان هاندەدا کە گواستنەوەیەك بخەنەکار لە حزبی (کرێکاران)ەوە بۆ حزبی (خەڵك). جارێکی تر (دومان) بووەوە بە کەسایەتییەکی سەرەکی. ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە کە بە تایبەت لە کۆتاییهاتنی جەنگەوە کۆمەڵێکی سروشتی بەرژوەندی سەری هەڵداوە لەنێوان کرێکاران و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تردا و (پلان)ەکەی بە ڕوونی ئەو هێڵکارییەی کردووە بۆ ئەوەی سەرنجی ( هەموو چینەکانی ئەو خەڵکە کە بە دەست پشێوی ئابووری هەنووکەییەوە دەناڵێنن و هەموو پیاوانی خاوەن نیەتی باشیش) ڕابکێشێت. لێرەوە ژمارەیەکی زۆری هەڵسوڕاوان بیرۆکەکانی دومان–یان لە سەرتاسەری ئەوروپادا بڵاو کردەوە، بەڵام تەنیا لە سکەندەناڤیا و بەتایبەت سویددا بوو کە حزبێکی یەکگرتوو لە ناخییەوە ئەم بیرۆکەیە تازەیەی گرتەخۆ. لەبەرئەوەیە کە پێویستە سەرنج بدرێتە حاڵەتی سویدی بۆ بینینی ڕەهەندە تەواوەکان و لێهاتوویی تاقیکردنەوەی سۆسیال دیموکراسی.

لەماوەی ساڵانی نێوان جەنگەکاندا، حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی، SAP، دەستیکرد بە گەڵاڵەکردنی پرۆگرامێکی ئابووری گشتگیر کە بە مەبەستی جڵەوکردنی هێزەکانی بازاڕ و شێوە پێدانەوەی حکومەتی سویدی داڕێژرابوو. لە خستنەڕووی ئەم بەرنامەیە بۆ کۆمەڵی دەنگدەر، بە تایبەت لە ماوەی قەیرانی ئابوورییدا، SAP جەختی لە هەڵسوڕاوی و پابەندی خۆی کردەوە بۆ چاکەی هاوبەش. بۆ نموونە، لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٢دا ، ڕۆژنامەیەکی دیاری ئەو حزبە( سۆسیال–دیموکرات) ڕایگەیاند کە : ( مرۆڤایەتی چارەنووسی لە دەستی خۆیدایە، کاتێك کە بۆرژوازی بانگی خاوی و قبوڵکردنی..قەدەر دەدات، ئێمە سەرنجی خەڵك بۆ ئارەزووی داهێنان..ئەو ئاگاییەی کە ئێمە دەتوانین سەربکەوین و سەردەکەوین لە داڕشتنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا ڕادەکێشین کە تیایدا بەرهەمی کار لە قازانجی ئەوانە دەبێت کە ئامادەن .. بەشداری بکەن لە ئەرکی هاوبەشدا.)

لە هەمان کاتدا، ڕێبەری SAP، (ئالبین هانسن) بیرۆکەکەی خۆی سەبارەت بە سوید وەکو( ماڵی گەل) بڵاو دەکردەوە. ئەو ڕایگەیاند ( بنەمای ماڵەکە بریتییە لە کۆمەڵدۆستی و پێکەوەژیان) و جەختی لەوە کردەوە کە سۆسیال دیموکراسی خەبات دەکات بۆ ( شکاندنی ئەو بەربەستانەی کە ...هاووڵاتییان لەیەکتر جیا دەکەنەوە). ئەنجامەکە ئەوە بوو ، لە کاتێکدا کە لە وڵاتانی وەکو



ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا ڕاسترەوی پۆپیولیست( populist right )گریمانەی کپبوونی هاریکاری بە کۆمەڵی کرد و هاوپەیمانێتییەوە نێوان–چینە کاریگەرەکانی بە شێوەیەکی تێکدەرانە ڕێکخست، لە سوید سۆسیال دیموکراتەکان بوون کە وایان لێهات وەکو پاڵەوانانی ( خەڵکانی بچکۆلە) ببینرێن و بە (ئەوانەی لەگەڵ میللەتدان) و ئەوانەش کە هەنگاوی شێلگیرانە دەنێن بەرەو بوون بە (حزبی خەڵك)ی ڕاستەقینە لەقەڵەم بدرێن. پێدانی ئەم پێگانە، یارمەتی SPA دا کە لە ڕێگەی پێکهێنانی ئیئتیلافەوە لەگەڵ جوتیاران حکومەتێکی زۆرینە پێکبهێنێت و پاداشتی سیاسی لەو باشبوونە ئابوورییە بەدەست بێنێت کە دواجار ڕوویدا.

لەبەرئەوە ، لە ناوەڕاستی سییەکاندا، ئاراستەی دیموکراتیکی ڕڤیژنیزم هەر خۆی لەناو بزووتنەوەیەکی سیاسی بەهێز و داهێنەردا چەکەرەی کرد. مەتریالیزمی مێژوویی و ململانێی چینایەتی بە ڕوونی شوێنیان چۆڵکرد بۆ باوەڕ بە ئەولەویەتی سیاسی و هاوبەشیگەرایی و ئەم پرەنسیپانە خرانە قاڵبی ئەجێندایەکی سیاسەتی بێ هاوتا و کردارەکی لەسەر بنەمای بانگەوازەکانی نێوان–چینایەتی و ئاراستەگیری (حزبی گەل) شانبەشانی بەکارهێنانی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان. ئاکامەکە بریتی بوو لە جیاکردنەوەی سۆسیالیزم لە مارکسیزم و دەرکەوتنی شتێك بوو کە وەکو سۆسیال دیموکراسی بەڕاستی شیاوی لێتێگەیشتن

بێـت. هەرچـۆنێك بێـت، تـەنیا لـە سـوید بـوو کـە ئـەو سۆسـیال دیموکراتانە توانیان بەرپرسیارێتی حزبێکی سیاسی بگرنـە ئەسـتۆ و بۆیە هەر لەو وڵاتەدا ئەجێندای سۆسیال دیموکرات بە تەواوی پیـادە کرا. ناکۆکهاتنەوەی سەردەمی پاش جەنگ ئەوەیـە کـە لـە کاتێکـدا کە گـەلێك لـە پرەنـسیپ و سیاسـەتە سۆسـیال دیموکراتییـەکان بـە شێوەیەکی بەربڵاو قبولّ کـران، گـەلێك لـە سۆسـیال دیموکراتـەکان بیریان چووەوە کە بۆچی هەر لە سەرەتاوە پشتگیرییان کردووە.

جـەنگی جیهـانی دووەم ترۆپکـی مـاوەی پڕتـرین توندوتیـژی و وێرانکاری بوو لە مێژووی مۆدێرنی ئـەوروپادا. سـاڵی ١٩٤٧ ڕاپـۆرتی کۆمیتەی هاوکاری ئابووری ئەوروپی ڕایگەیاند: ( مەودای کاولبوون و پارچەپارچـەبوونی ژیـانی ئـابووری زۆر گـەورەتر بـووە لـەوەی کـە ئـــەوروپا لـــە مـــاوەی جـــەنگی جیهـــانی یەکەمـــدا پیایـــدا تێپەڕیووە...دەبووایە وڵاتە کاول بووەکان جارێکی تر لەسـەرەتاوە دەست پێبکەنەوە). لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٤٥ سەرەتایەکی نـوێ بـوو، چونکە ئەوروپا تێکۆشا بـۆ بنیاتنانـەوەی ئـابووری لـە کاتێکـدا کـە هەوڵیدەدا بـۆ نەهێـشتنی ئـەو نائاراميیـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەی ببووەهۆی وێرانبوون لە ڕابـردوودا. بـاوەڕێکی بـەربڵاو هـەبوو لەمـەڕ ئەوەی کە دەشێت کەپیتاڵیزمی نەپشکنراو ببێتە هەڕەشـە بـۆ سـەر هەرسێ بوارەکە. یەکێك لە چاودێران دەڵێت: ( ئەگەر جەنگ شتێکی تێکشکاندبووبێت، ئەوا ئەو بڕوایە بووە کە کـەپیتاڵیزم، ئەگـەر وازی



لێبهێنرێت بـۆ ئامرازەکـانی خـۆی، دەتوانێـت (کۆمەڵگەیـەکی بـاش) بەرهەم بهێنێت. ئاژاوەی سیاسی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی سـییەکان وا لە قەڵەمدرا کە بەهۆی (داتەپینی گەورە)وە بووبێـت، کـە لێـرەوە ئـەمیش دەرەنجـامی بـازاڕە بـێ بەنـدوبارەکان بووبێـت– بەهـەمان شێوە ئەو بکەرانەی توێژی سیاسی ئەوروپی کە پێیان وابوو جارێکی تر گرتنەبەری ئەو ڕێچکەیە کارێکی نەشیاوە.

سەرەڕای ئەمانە جەنگ خۆی دیدی خەڵکێکی زۆری گۆڕاند لەمـەڕ ڕۆڵی گونجاوی دەوڵەتان و بازاڕەکـان. ( لـە مـاوەی جەنگدا هـەموو حکومـــەتانی ئـــەوروپی لێپرســـراوێتی بـــەڕێوەبردنی ئـــابووری و کـــۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگـــەیان گرتەئەســـتۆ، بـــەڵام پـــاش جـــەنگ پاشەکشەیان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایـەتی نـەکرد، هەروەکوچـۆن زۆربـــەیان پـــاش جـــەنگی جیهـــانی یەکـــەم هەوڵیانـــدا بیکـــەن... (پێدەچـوو) دواجـار ئـەزموونی جـەنگ پیـشانی بـدات کـە، بـە پێچەوانەی ژیری پێشوازیلێکراوی بیستەکان و سییەکان، حکومەتـە ناوەندییـەکان بتـوانن چـالاکانە گەشەسـەندنی ئـابووری کـۆنترۆڵ بکـەن). ئـەم بیروباوەڕانـە بـێ چەندوچـون سـنووردرابوون بـە بـاڵی چـەپ. بـۆ نموونـە، پرۆگرامـی سـاڵی ١٩٤٧ی دیمـوکراتی مەسـیحی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: ( پێویستە بونیـادی نـوێی ئـابووری ئـەڵمانی لـەو پەیڕەوکردنـــەوە دەســـت پێبکـــات کـــە مـــاوەی حـــوکمی نـــەبڕاوەی کـەپیتاڵیزمی تایبـەت بەسەرچـوو). لـە هـەمان کاتـدا، لـە فەرەنـسا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بزووتنەوەی کۆماری گەلی کاسۆلیك( CMRP) ڕایگەیاند کە لەیەکەم مانیفێستۆیدا پشتگیری (شۆڕش)ێکی کردووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ( ڕزگاربوو لە دەسەڵاتی ئەوانەی کە خاوەنی سامانن).

لەبەرئەوە، پاش ١٩٤٥، نەتەوەکانی ئەوروپای خۆرئاوا دەستیان کرد بە بنیاتنانی سیستەمێکی نوێ، سیستەمێك کە گەشەی ئابووری مسۆگەر بکات و لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەکان لە دەرەنجامە وێرانکەرەکانی کەپیتاڵیزم بپارێزێت. هەروەکو جۆن روگی دەڵێت، سیاسەت داڕێژەرانی پاش جەنگ ( کەوتوونەتە گیانی دەوڵەت لە هەوڵیاندا بۆ سەپاندنەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی فراوانتر و ڕاستەوخۆتر بەسەر هێزەکانی بازاڕدا) بۆ پێناسەکردنەوەی ( ئامانجە کۆمەڵایەتییە ڕەواکان کە چاوەڕێ دەکرا بەهۆیانەوە دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئابووری خۆجێییدا بەکاربهێنرێت.) نەدەبووایە چیتر دەوڵەتەکان سنووردار بن بە زامنکردنی ئەمەی کە بازاڕەکان بتوانن گەشە بکەن و ببوژێنەوە; نەدەبووایە فراوانترین دەرفەتی شیاو بدرێت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان. لەبری ئەمە پاش ١٩٤٥، بە گشتی تێگەیشتن لەمەڕ دەوڵەت ئەوەبوو کە پاسەوانی کۆمەڵگە بێت نەك ئابووری و پێویستییە ئابوورییەکان بە زۆری خرانە سەرووی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان. لە سەرانسەری ئەوروپای خۆرئاوادا، دەوڵەتەکان بە ئاشکرا خۆیان پابەند کرد بە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕێوەبردنی بازاڕەکان و پاراستنی کۆمەڵگە لە دەست کاریگەرە هەرە وێرانکەرەکانی ، هاوشانی دوو ڕاگەیاندنی زۆر ڕەچاوکراوی کەینسیانیزم( Keynesianism) و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی.

گرنگی کەینسیانیزم لە دووشتدا خۆی دەبینێتەوە، ڕەفزکردنی ئەو تێڕوانینەی کە بازاڕەکان ئەو کاتە باش کار دەکەن کە وازیانلێهێنرا بۆ کاری خۆیان و دەرککردن بە پێویستی دەستێوەردانی بەرفراوانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا. وەکو کەینسیانیزم، دەوڵەتی خۆشگوزەرانیش نیشانەی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و بازاڕەکاندا. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی تایبەت لەو دیدە خۆی بێبەری کرد کە دەوڵەتێکی (باش) ئەوەیە کە کەمترین دەستوەردانی هەیە لە ئابووری و کۆمەڵگەدا; بە قبوڵکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، حکومەتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو وەکو پاسەوان و پارێزەری هاوولاتیبوون ژمێردران. هەروەکو (سی.ئەی.ئارِ. کرۆسلاند) تێبینی کردووە، پاش ١٩٤٥ ( کردارێکی ڕێکوپێك و لە ڕاستیدا ئەرکێکی حکومەت بوو کە شڵەژان و نائاسودەیی نەك تەنیا لە نێو هەژاران بەڵکو نزیکەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دوور بخاتەوە). لێرەوە دەوڵەتان لە سەر ئاستێکی ناشەخسی و بەربڵاو پابەند بوون بەوەی کە ئەندامانی خێزانەکان و کۆمەڵە خۆجێییەکان لە سەردەمانی پێش سەرمایەداریدا کردبوویان — واتە ئاگات لە خەڵك بێت کاتێك کە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ناتوانن یارمەتی خۆیان بدەن. بە دەربڕینێکی تر، دەوڵەتانی خۆشگوزەرانی بە مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە مانەوەی بنەڕەتی وەکو مافێکی ئەخلاقی ئەندامێتی لە کۆمەڵێکی مرۆییدا زامن بکرێت، لە باوەڕی سەرەکی لیبڕاڵیزم دابڕان، واتە باوەڕی پشتبەستنی هەڕەمەکییانە بە پێگەی تاك لە نێوەندی بازاڕدا.

بە کورتی، لە سەرتاسەری ئەوروپادا، سیستەمی پاش جەنگ شتێکی تەواو نائاسایی دەنواند. کرۆسلاند گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ( بە مانای وشە لە هەموو ڕوویەك کە بیری لێدەکەیتەوە ...جیاواز بوو لە کەپیتاڵیزمی کلاسیکی) لە کاتێکدا کە ئەندرو شۆنفیلڵ پرسیاری ئەمەی کرد کە داخۆ ( ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە ئێمە دەڵێین زیندووە و ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی لەگەڵیدا دەڕوات زۆر جیاوازن یان نا لەوەی پێشیان کەوتووەتەوە کە (بووەتە گومراکەر...بۆ بەکارهێنانی وشەی (کەپیتاڵیزم) بۆ وەسفکردنیان.) کە پیتاڵیزم مایەوە، بەڵام وەکو جۆرێکی جیاواز — کەپیتاڵیزمێك کە بە دەسەڵاتی سیاسی سنووردار و گونجێنرابوو و زۆرجار بە پاشکۆی کۆمەڵگە کرابوو نەك ئەمەی کرابێت بە شتێکی تری نزیك لێیەوە. دەمێکە تۆژەران درکیان بەوە کردووە کە ئەم سیستەمە نوێیە هەم دابڕانێکی شێلگیرانەیە لەگەڵ ڕابردوو و هەم نکوڵییەکە لە هیوای چەپە ڕادیکاڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کەپیتاڵیزم. هەرچۆنێك بێت، شتێکیش کە ئەوان بە زۆری شکستیان دەهێنا لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵسەنگاندنی، ئەوە بوو کە لیبڕاڵیزمی کلاسیك تا چ ڕادەیەك ڕەتکرایەوە. پرەنسیپی جەوهەری سیستەمی نوێ– دەبێت هێزە سیاسییەکان کۆنترۆڵی هێزە ئابوورییەکان بکەن– بریتی بوو لە هەڵگەڕاندنەوەی هەردوو تیۆرییەی لیبڕاڵیزمی کلاسیك و پیادەکردنە درێژخایەنەکەی. لەم ڕووەوە زاراوەی هەرە باو کە بۆ وەسفکردنی سەردەمی پاش جەنگ بەکاردەهێنرا– چەمکی (لیبڕاڵیزمی شوێن بۆ کراوە)ی ڕوگی – نەگونجاوە. ئەگەر بتوانرێت لیبڕاڵیزم لێکبکێشرێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمێك بگرێتەوە کە بازاڕە نەپشکنراوەکان بە مەترسیدار ببینێت، کە بەرژەوەندییە گشتییەکان بخاتە سەروو ئیمتیازاتی تایبەتی، مافی دەستێوەردانی ئابووری و کۆمەڵگە بداتە دەوڵەتان بۆ پارێزگارییکردن لە بەرژەوەندی (هاوبەش) یان (گشتی)، کەوابوو زاراوەکە ئەوەندە لاستیکییە کە کەڵکی نەبێت. لە ڕاستیدا، لەبری فۆرمێکی نوێکراوەی ڕێکخراوی لیبڕاڵیزم، ئەوەی کە پاش جەنگ وەکو گرێکی کلێپەسەندوو بڵاوبووەوە بە ڕاستی شتێکی تەواو جیاواز بوو: ئەوە سۆسیال دیموکراسی بوو.

هەرچەندە سیستەمی پاش جەنگ ئاوێنەی سەرکەوتنێکی ڕوون بوو بۆ سۆسیال دیموکراسی، ئەمە بۆ سۆسیال دیموکراتەکانی ئەو کاتە خۆیان لە سەرکەوتنێك کەمتر بوو– هەم لە بەرئەوەی گەلێك لە چەپگەراکان بەردەوام بوون لە خۆ هەڵواسین بە ئاراستە ئایدۆلۆژییە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەمتر مژدەبەخشەکان و هەم لەبەرئەوەش کە گەلێك لە چەپڕەوەکان بە خێرایی بەرەو برگە ناوەندییە گونجاوەکانی پرۆگرامی سۆسیال دیموکرات هەنگاویان نا.

پاش جەنگ، دواجار نزیکەی هەموو حزبە سۆسیالیست دیموکراتەکان خۆیان کردە پاڵەوانی سیاسەتی وەکو کەینسیانیزم و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، بەڵام ئەم ئاراستەگۆڕینە پراکتیکییە هەمیشە بەهۆی ئاراستەگۆڕینێکی ئایدۆلۆژی هاوشێوەوە نەدەگونجا. ڕەنگە گەلێك لە سۆسیالیستە بەرجەستەکان، پێشوازیان لە وتەکانی (ڕڤیژنیستەکان ) کردبێت، بەڵام گەلێکیان ئاوازەکەیان هەر نەبیست و بەردەوام بوون لە بانگەشەکردن بۆ ئامانجە ئایدۆلۆژییە کلاسیکییەکانی پێش جەنگ، وەکو بەزاندنی سنووری کەپیتاڵیزم بە تەواوی و خۆدوورگرتن لە پەیوەندی زۆر نزیك لەگەڵ گروپە ناپرۆلیتارییەکاندا. بە تێپەڕبوونی کات، هەموو حزبەکانی چەپ درکیان بەوە کرد کە ئەمە ستراتیژێکی سیاسی پڕکارەساتە و لەبەرئەوە دواجار هەموویان بە شێوەیەکی شێلگیرانە لە ڕابردوو و بە تایبەت لە مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی دابڕان. بە داخەوە، هەر ئەو کاتەی کە ئەوان ئەم هەنگاوەیان نا، ئەوانیتر لە ڕووی سیاسییەوە پاشقولێکیان لێگرتبوون، بە پەسندکردنی گەلێك لە سیاسەتە سۆسیال دیموکراتییەکان و گەیشتن بە ئەودیو سنوورە



چینایەتییەکان، برگە و ڕوونکردنەوە ڕاستەقینەکانی سیاسیەتەکانی سۆسیال دیموکراسی فەرامۆش کرابوون.

لەناوچوونی پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکی نێوان خەونەکانی سۆسیال دیموکراتەکانی سێ یەکی سەدەی بیستەم و هی ئەوانەی سەردەمی پاش جەنگ بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاکامی هاتنی گۆڕانێکی نەوەیی (generational) بوو بەسەر چەپدا. بە کۆتایی هاتنی جەنگ، گەلێك لە هەڵسوڕاوە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست و ڕووناکبیران یا مردبوون یا لە ئەوروپا کۆچیان کردبوو. لە کاتێکدا کە حزبە چەپڕەوەکان ئاراستەی خۆیان بەرەو بەدەستهێنانی پشتگیری و دەسەڵاتی سیاسی گۆڕی، لە هەمان کاتدا، ئەوان بە شێوەیەکی سروشتی وەکو ڕێبەر، تەکنۆکرات و بەڕێوەبەر هەڵبژێردران نەك وەکو ڕووناکبیر و هەڵسوڕاو– خەڵکی بە سیاسەتی ئاسایی لە سەردەمە ئاساییەکاندا ئاسودەن و لەوەدا لێهاتوون. ئەم ڕێبەرە نوێیانە بە زۆری دەسەڵاتێکی بێ پێشینە و سەرکەوتنێکی سیاسییان بەدەستهێنا، بەڵام ئەوان لە جۆش وخرۆشی کۆنەکان، گڕوتینی داهێنەرانە و شارەزایی تیۆرییان کەم بوو. سەرەنجام لە دوایین دەیەکانی سەدەی بیستدا، چەپی دیموکرات بە شێوەیەکی بەرفراوان نامۆ بوو بە ڕوونکردنەوە و ئامانجە بنچینەییەکانی سۆسیال دیموکراسی و تەنیا خۆی بە پێوەرگەلێکی سیاسەتی دیاریکراو دەگرتەوە کە

پێشینەکانیان بەری چەند دەیەیەك لایەنگیرییان دەکرد.ژمارەیەکی کەمی ئەوان درکیان بەوە کرد کە ئەم سیاسەتانە، هەرچەندە لە رۆژگاری خۆیاندا چارەنووسساز بوون ، لە بنەڕەتدا تەنیا وەکو ئامراز بۆ ئامانجی گەورەتر گەلاڵەکراون و ژمارەیەکی کەمتر بایی پێویست ڕەچاوی ئەنگێزە بنچینەییەکانی بزووتنەوەکە دەکەن لەوەدا کە ئەم ئەنگێزانە بتوانن لە بەرانبەر تەحەدا هاوچەرخەکاندا وەڵامی نوێکارانە بخەنەڕوو. ئەم کارە ئەوانی لە بەرانبەر هێزە نییو–لیبراڵەکاندا بە لاوازی هێشتەوە کە وەڵامی بوێرانەتر و داهێنەرانەتریان پێیە لە بەرانبەر تەحەدا سەردەمییەکاندا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## دەرەنجام

پێویستە سۆسیال دیموکراسی باش دەرککراو خۆی، وەکو ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوەیەکی جیاواز ببینرێت کە لەسەر بنەمای باوەڕ بە ئەولەویەتی سیاسی، هاوبەشیگەرایی و نوێنەرایەتیکردنی خەونی نا–مارکسی سۆسیالیزم ڕۆنراوە. لەم ڕووەوە زاراوەی سۆسیال دیموکراسی بە هەڵە بەسەر ژمارەیەکی فراوانی گروپەکاندا پیادە کراوە هاوشانی ئەو تێگەیشتنە نەگبەتەی لە ئەرگومێنت و مێژووی ڕاستەقینەی بزاڤەکە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. سەرەڕای ئەمە، دەبێت سۆسیال دیموکراسی وەکو هەرە سەرکەوتووترین ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوەی سەدەی بیست دابنرێت: بە ئاشتکردنەوەی ئەو شتانەی کە هەتا ئێستا نارێك و ناکۆك دیاربوون، پرەنسیپ و سیاسەتەکانی، هەرە بووژاوەترین و هارمۆنییترین ماوەیان لە مێژووی ئەوروپادا جێگیر کردووە– واتە سیستەمێکی کەپیتاڵیستی کە بە باشی کار دەکات، دیموکراسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تێگەیشتن لە سۆسیال دیموکراسی و ڕوونکردنەوە بنچینەییەکەی و بەدەستهێنانی هەڵسەنگاندنێکی نوێکراوە بۆ ڕۆڵی لە گەشەسەندنی سیاسی لە سەدەی بیستدا هۆکارێکی تەواوە بۆ چاوخشاندنەوە بە مێژووی بزاڤەکەدا. هەرچۆنێك بێت، دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرنجڕاکێشی تریش هەن، چونکە گەلێك لە چەمکە بە زەحمەت دەستکەوتووەکانی شەڕە ئایدۆلۆژییەکانی زووتر لەم چەند ساڵەی دواییدا بیرچوونەتەوە لە کاتێکدا کە وێنەیەکی تەنکۆڵەی نییو-لیبڕاڵیزم هاتووە هەژموونێکی گرامشییانە بەسەر وتوێژی گشتی ناوەند دا پیادە بکات.

زۆرجار دەوترێت لە سایەی بەجیهانیبووندا، جیهان لە بەرەبەیانی سەردەمێکی نوێدایە. بڵاوبوونەوەی بازاڕەکان بە سەرتاسەری جیهاندا و قوڵبوونەوە و خێرایی ئەو هاوپەیوەندییە ئابوورییانەی لەگەڵیدایە، بارودۆخێکی سەراپا نوێ بۆ ڕێبەرەکان و خەڵکان دروست دەکات، قورساییەك دەسەپێنێت لە کاتێکدا کە ڕێگەچارەکان بەربەست دەکات. تۆ دەتوانیت یا لە سیستەمەکە بکشێیتەوە و بپوکێیتەوە، یان ئەو جلە لەبەر بکەیت کە تۆماس فریدمان پێی دەڵێت (سترەیت جاکێتی* ئاڵتونی)، کە لە خاڵێکدا ( دووشت ڕوو دەدەن: ئابوورییەکەت گەشە دەکات و سیاسەتەکەت دەپوکێتەوە.)



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بێگومان جوڵەی بەرەو پێشەوەی بەجیهانییبوونیش هەنگاوێکی پاشەکشێی بەرهەمهێناوە و بەرهەڵستییەکانی دژە بەجیهانییبوون بوونەتە تایبەتمەندییەکی ئاسایی ژیانی هاوچەرخ. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی ئەمڕۆی بازاڕ بە زەحمەت لە هۆکاری ئەو هەموو هەڵلایە تێدەگەن. ئەوان ئاماژە بەو سوودە ئابوورییە ڕاستەقینانە دەکەن کە کەپیتاڵیزم دەیهێنێت و دەسکەوتە ئابوورییە هەزارەکانی پەیوەست بە ئاراستەگیرییە نا-ئابوورییەکانی کاروباری ئابووری بە نا وەڵام دەدەنەوە و بەرهەڵستکاران وەکو گەمژەی بێ ئاگا و ئەو هەرزەکارانەی کە جۆرێك سایکۆدرامای شەخسی نمایش دەکەن، دەکەنە دەرەوە. ئەگەر خۆپیشاندەران تەنیا بتوانن جۆرێك ماتماتیك فێرببن، ئەوان گاڵتەیان دێت، یان فێربن کە ئاگاداری زیادبوونی سامانی کەڵەکەبووی تەواوی کۆمەڵگە بن نەك نازی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت بکێشن، ئەوا هەموو شتێك بەباشی دەڕوات بەڕێوە.

ئەوەی کە نییو-لیبڕاڵەکان شکستیان هێنا لە درکپێکردنی ئەوەیە کە ئەو جۆرە گۆشەنیگا ئابوورییخوازە بەرتەسکانە شتێك لە بیر دەکەن. بەڵێ، گومانی تێدانییە کە کەپیتاڵیزم باشترین شێوازی دۆزراوەی بەرهەمهێنانی گەشەیە. بەڵام ئەمە هەرگیز و ئەمڕۆش تاکە کێشە نەبووە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وتوێژی ڕاستەقینە لەبارەی بازاڕەکانەوە بە شێوەیەکی واقیعی و تەنانەت بە شێوەیەکی تایبەت ، تەرکیزی نەخستووەتەسەر توانای ئابووری بەڵکو سەرنجیشی خستووەتەسەر ئەو کاریگەرییە بەرفراوانەی ئەوان هەیانە لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگەکان. ڕەخنەگرەکان شڵەژا بوون و هێشتا شڵەژاون نەك لەمەڕ ئەوەی کە داخۆ بازاڕە جڵەو بەردراوەکان سەردەکێشن بۆ گەشەسەندنی ئابووری، بەڵکو لەبارەی ئەوەوە کە داخۆ بازاڕەکان خۆیان بە

شێوەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەستبەرداری ڕەفتاری نابەرپرسانە دەبن لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە، نەریت و

*ستڕەیت جاکێت: جلی تایبەت بە شێت و فێگرەکانە، بۆ ئەوەی جوڵەیان لەبەر ببڕێت.

### کەلتوورە خۆراگرەکان ڕادەماڵن.

ئێمە بینیمان کە ئەمە ڕێك وەڵامێك بوو بۆ ئەو جۆرە کێشانە کە یەکەم جار و بەری سەدەیەك سەری هەڵدا. دیموکراتە ڕفیژنیستەکانی وەکو بێرنشتاین بۆیان دەرکەوت کە کەپیتالیزم هەرەس ناهێنێت بەڵکو پێدەچێت بۆ لانی کەم بۆ ماوەیەکی مام ناوەند هەر بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، ئەوان بڕیاریاندا لەبری وێرانکردنی، ریفۆرمی بکەن و شێوەی پێبدەنەوە. ڕفیژنیستە دیموکراتییەکانیش درکیان کرد بە پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەسەڵاتی خۆسازدەری گەورەی ناسیۆنالیزم و پیشکەشکردنی شتێك بە زۆرینەی مەزنی ئەو خەڵکەی کە بەدەست نادادپەروەرییەکان و لێکترازانەکانی دێوەزمەی کەپیتالیزمەوە دەیانناڵاند. نەوەیەك دواتر، جێنشینەکانیان ئەم دامەزراوەیان بنیاتنا، کە بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە ئەو سەردەمە هاتووە کە بانگەشەکانی هەرەسی کەپیتالیزم بەلاوەنرێن و لەبری ئەمە سەرنج بخرێتەسەر بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی بازاڕەکان. بە هاتنی سییەکان، سۆسیال دیموکراتەکان درکیان بەوەکرد کە بازاڕەکان و کەپیتالیزم تەنیا بۆ مانەوە لێرە نین، بەڵکو ئامرازی بەنرخیشن بۆ بەرهەمهێنانی گەشە و سامان. لە هەمان کاتدا هەرگیز لە سووربوونیان لەسەر ئەوە نەکەوتوونەتە ڕاڕاییەوە کە لە کاتێکدا کە بازاڕەکان خزمەتگوزاری گەورەیان بەرهەمێناوە، لە هەمان کاتدا سەرداری زۆرداریشیان دروستکردووە. ڕەنگە کەپیتالیزم پێویست بێت بۆ زامنکردنی کێرڤێکی ئابووری هەمیشە ڕوو لە گەشە، بەڵام دەبێت بە ئاگاییەوە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی بکرێت دەرەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤەکانی لە ژێر نەشتەری پشکنینداین. لە ماوەی سییەکاندا سۆسیال دیموکراتەکان جیاواز لە ڕابردوو بۆیان دەرکەوت کە ئارەزوو بۆ شوناسی هاوبەش و هاریکاری کۆمەڵایەتی چەندە بەربڵاو و بەهێزە و ئەوەی کە ئەگەر

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوان نەگەن بە وەڵامێکی قایلکەر بەرانبەر ئەمە، ئەوا بزووتنەوە بەدکارەکان ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

شەڕەکانی ئەمڕۆی پەیوەست بە بەجیهانیبوون بە شێوەیەکی واقیعی وەکو لاپەڕەیەکی تر دەخرێنەڕوو لە وتوێژێکی بەردەوام بۆ ئاشتکردنەوەی کەپیتالیزم لەگەڵ دیموکراسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا. ئێستاکە وەکو پێشوو، ئەو لیبراڵانەی کە بەبێ ڕەخنە ستایشی بازاڕەکان دەکەن و ئەو چەپڕەوە ستایڵ کۆنانەی ئامادەنین هیچ باشییەك لەواندا ببینن، هیچی وەهایان پێ نییە کە پێشکەشی زۆرینەی زۆری ئەو خەڵکەی بکەن کە درك دەکەن و دەیانەوێت بەشدار بن لە سوودە ماددییەکانی کەپیتالیزمدا، بەڵام لە دەرەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەترسن. لە کاتێکدا کە لەوەڵامی ئەم کێشانەدا بوو کە یەکەم جار و بەری سەدەیەك سۆسیال دیموکراسی دەرکەوت، ڕەنگە باشترین چارەسەرەکانی کێشە هاوچەرخەکان لە ڕابردووی بزاڤەکەدا بە باشی دەستبکەون.

بۆ پابەند مانەوە بە مێژووەکەی، پێویستە وەڵامێکی سۆسیال دیموکراتییانە بۆ کێشە هاوچەرخەکان لەخۆگری باوەڕ بێت بە ئەولەویەتی سیاسەت و پابەند بوون بە بەکارهێنانی دیموکراتییانەی دەسەڵاتی بەدەستهێنراو و ئاراستەکردنی هێزە ئابوورییەکان لە خزمەتی چاکەی بەکۆمەڵدا. بە لای سۆسیال دیموکراتە (ڕاستەقینەکان)ەوە دەشێت کارایی پێوەرێکی گرنگ بێت بۆ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

حوکمدان لەسەر سیاسەت، بەڵام نابێت ئەمە تاکە پێوەر یا تەنانەت پێوەری هەرە گرنگ بێت. سۆسیال دیموکراتەکان بە شێوەیەکی نەریتی بازاڕیان قبوڵکردووە یا لەگەڵیدا هەڵیانکردووە، بە هۆی توانای لە دابینکردنی بنچینە ماددییەکان کە دەتوانرێت ژیانێکی باشیان لەسەر بنیات بنرێت، بەڵام ئامادە نەبووە ئەولەویەتی بازاڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا قبوڵ بکات. بەم پێیە، ڕێچکەیەکی سۆسیال دیموکراتیك لە نێوان گلۆبۆفۆبیا(globo-phobia)ی نیو لیبراڵیزم و گلۆبۆفۆبیای گەلێك لەو چەپگەرایانەی ئەمڕۆدا هەیە و بەڵگە بۆ سیستەمێك دەهێننەوە کە یاریدەدەر بێت بۆ گەشەسەندنێکی ڕاستەقینە لە کاتێکدا کە ڕوونی دەکەنەوە کە پێویستە بازاڕەکان سەرپەرشتی و سنووردار بکرێن بۆ بچووککردنەوەی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە بە شێوەیەکی حەتمی لەگەڵ خۆیانیدا دەهێنن.

پێویستە سۆسیال دیموکراتەکانی سەدەی بیست و یەك جارێکی تر بەهای هاوبەشیگەرایی بدۆزنەوە. لە ئەورووپایەکی تەواو هەمەڕەنگدا، بنیاتنانی بانگەوازێك بۆ هاریکاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای باکگراوندێکی ئەتنی و ئایینی هاوبەش چیتر ستراتیژێکی کرداری و سەرنجڕاکێش نییە. لەبەر ئەوە دەبێت بانگەشەی کۆمەڵدۆستی نوێکراوەی سۆسیال دیموکراسی لەسەر زەمینەی سەراپاگیرتر بنیات بنرێت–واتە بەها و لێپرسراوێتییە هاوبەشەکان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویسته سۆسیال دیموکراتەکان روونی بکەنەوە کە لە کاتێکدا ناتوانرێت هاووڵاتیبوونی سەدەی بیست ویەك لەسەر بنەمای جۆرێك لە پەیوەندی خوێن بنیات بنرێت، دەبێت لەسەر بنەمای قبوڵکردنی نۆرم و ڕێسا گەلێکی دیاریکراو بنیات بنرێت. هەروەکو چاودێرێك نووسیوویەتی، ( پێویستە وزەی ئەتنی (( ئەو خەڵکەی کە لە ئێمە دەچن و وەکو ئێمە دەدوێن)) شوێنی وزەی بەهاکان (( ئەو خەڵکەی وەکو ئێمە بیر دەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن)) بگرێتەوە).

لەو شوێنەوە کە ئەمە بە گونجاندنێکی بە زۆر دەچێت، پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان وەڵامیان پێبێت بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە جارێکی تر کۆمەڵ دەبێتە زێدی ڕاستڕەوی پۆپیولیست( کە هەنوکە لەلای گروپ گەلێك هەر لە بەرەی نەتەوەیی فەرەنساوە بۆ حزبی ئازادی نەمسا ڕوویداوە)، ئەلتەرناتیڤەکە زۆر خراپترە. هەروەکو دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات بۆی چوون، خەڵکی پێویستییەکی سایکۆلۆژی لە بن نەهاتوو و قووڵیان هەیە بۆ هەستکردن بەوەی بەشێکن لە کۆمەڵێکی گەورەتر. دەبێت ئەم پێویستییە بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان تێر بکرێت و ئەگەر چەپی دیموکرات نەتوانێت شێوازی ئەنجامدانی ئەم کارە بدۆزێتەوە، ئەوا هێزە نەخوازراوەکان خۆشحاڵتر دەبن ئەم هەنگاوە بنێن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**سەرچاوەکان**:


1-What is social democracy?
An introduction by
Jan Van den Boomen,
Finnish SPD official website.
2-Understanding Social Democracy
By Sheri Berman, Associate Professor of Political Science, Bernard college, Columbia University, Australian Labor Party official website.

مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

## ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێكۆڵینەوەیەكە تر | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: كامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدأ الفصل بین السلطات و وحدتها | القاضي / لطیف مصطفی أمین | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەكانی كورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسكی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەكان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الی القانون الدولي الانساني | جبار سعید محي الدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد الیوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێكۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان | و. كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |



مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەولی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و كورد | سۆزان كەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری كەركوك | پشكۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێركۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السیاسیة للكورد فی الدول التی تضم كردستان | لیلاف حمد أمین عزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسكی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموكراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأریخ تركیا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكریتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع علیها | د.خلیل اسماعیل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموكراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموكراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٥١. | هەرێمی كوردستان و توركیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموكراتی سویدی | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائیة العراقیة | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٤. | لەكیبە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥٥. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٦. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٧. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٨. | مام جەلال جێگری سەرۆكی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەكتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٩. | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | ـ | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٠. | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | كاوسێن بابەكر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦١. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٢. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.